# پرۆژەی دەستووری هەرێم
# پرۆژەی ئیمپراتۆریەتە

**تێزی ڕەخنەیەکە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق ( ٢٠٠٩.ز )**

**نووسینی: ن.ف. عبدالله ( نجم الدین فارس )**

**٢٠٠٩/٩/٢١**

دامەزراندنی یان نووسینەوەی دەستوور و بەرهەم هێنانی، دەست نیشانی پرۆسەی پەیوەندی دەسەلأت و هاوولأتیان، بە هەموو چین و توێژەکانیەوە دەکات. بە مانایەکی تر دەستووری هەر وولأتێك و پرۆسیس کردنی لە ژیانی رۆژانەی هاوولأتیاندا بەرجەستەکردنی یان نەکردنی ناوەرۆکی دەستوور لە چێوەیەدا سەرئەنجام دەست نیشانی ژیانی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگاکەی تێدا دەکرێت. لەبەر ئەمەیە دەبێت دەستوور پەیڕەو لە یاسا و ڕێسایەك بکات کە خۆش گوزەرانی و پێکەوە ژیانی، هەموو تاکەکانی کۆمەڵ و ئەندامانی ناو دەسەلأت ڕێك بخات، چەوسانەوەی بە هەموو واتایەکیەوە بنەبڕ بکات و تێدانەبێت، واتە هەلأواردنی جنسی و نەتەوەیی ومەزهەبی و ڕەگەزی بنبڕبکات و کۆمەڵگا لە ئاستێکی پێشکەوتوویی و هەوڵێکی گەورەی پێشکەوتنی تێدا ڕەچاو بکرێت و کۆمەڵگا بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و درووستی مێژویی ببات و دەبێت دوورمەودا بڕوانێت، بۆ گەشە و پێشکەوتنی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکان، یاساکانی داڕێژ رابێت و خۆش گوزەرانی و ئازادی و یەکسانی بەرهەم بهێنێت و تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت و بیرۆکراتیەتی ناو کۆمەڵگا ریشەکێش بکات. ئەگینا ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت مانای داڕێژانی دەستورێکی چەوسێنەرانەی نادادپەروەرانەیە و دەسەلأتی بیرۆکراتیەت و سیستەمێکی دیکتاتۆریانەی تیادا بەرهەم دێت. لەبەر ئەوەی هەموو واتاکانی ژیانی کۆمەلأیەتی بەبێ دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی، ناتوانێت کۆمەڵگایەکی بێ کێشە و کەلێنی گەورەی کۆمەلأیەتی و ئابووری بێت.

کۆمەڵگا جیاوازەکان و مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا زۆر هەوڵ و کۆششیان کرد لە پێناوی ئەوەی کە بە ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسوودە و دادپەروەرانەی یەکسان و ئازاد بگەن. وە هەتا ئەو کاتەی پەیوەندی کۆمەلأیەتی ئابووری مرۆڤایەتی چەوسانەوە و نایەکسانی تیادا بالأ دەست بێت، مرۆڤ لە هەوڵی گۆڕاندنی هەلوومەرجە کۆمەلأیەتی ئابووریەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئەدەن و بۆ ساتێکیش لە پێناویدا ڕاناوەستن و لە هەوڵدانی بەردەوامدان بۆ بەدەست هێنانی، بەلأم لە هەرسات و شوێنێکدا بەڕێژەی جیاواز و بە چۆنایەتی هەڵسووڕانی جیاوازەوە لە پێناویدا لە کۆشش کردندان.

لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوەیە منیش دەمەوێت سەرنجی خۆم لەسەر (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق (٢٠٠٩.ن) بدەم و لایەنەکانی لە ڕوانگەی خۆمەوە هەڵسەنگێنم و کێشەکانی و ناکۆکیەکانی لەگەڵ ژیانێکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەرانە شرۆڤە بکەم. لەبەر ئەوەی گۆڕان بە بڕوای من لەهەر کۆمەڵگایەکدا دەبێت گۆڕان لە پرۆسەی پەیوەندی کاروسەرمایەدا بێت، پەیوەندی مرۆڤ لە پرۆسیسی بەرهەم هێناندا، لە هەلومەرجی پەیوەندی چەوسێنەرانەی کاروسەرمایەدا گۆڕانی بە سەردانەیەت، ناتوانێت چەوسانەوە و دەسەلأتی بیرۆکراتیانەی دیکتاتۆریانە بنەبڕ بکات. بەم پێیە گۆڕان لە ژێرخانی کۆمەڵگاوە و لە پەیوەندی ئابووریانەی

مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا دەبێتە سەرچاوەی گۆڕانە ڕیشەییەکانی ناو کۆمەڵگای سیاسی و ئابووری ئێستا. هەر لەو ڕێگەیەوەیە دەتوانێت ڕەگ و ڕیشەی پێکهاتە و جۆری کۆمەڵگای ئازاد و یەکسان، یان کۆمەڵگا و دەسەڵاتی دیکتاتۆر و بێ پەروا ببینێت.

بڕوام وایە کە هەموو ئەو دەستوورەی هەتا ئێستا لە وولاٌتانی دنیادا هەیە و لە ڕابردوودا هەبووە، دەستوورێکی چەوسێنەرانە و نادادپەروەرانە بووە یەکسانی و ئازادیشی بە بوون نەهێناوە، لەبەر ئەوەی پرۆسیس کردنی دەسەلاٌت لەهەرووڵاتە و جۆرێك لە نایەکسانی و نادادپەروەری و دیکتاتۆریەت بەرجەستە دەکات و کردووە، جۆری جیاوازی زەوت کردنی ئازادی و لە گۆڕنانی یەکسانی بەپێی پێشکەوتن و دواکەوتنی ئابووری و سیاسی دەست نیشان دەکرێت. لێرەدا ناچمە ناوکرۆکی باس کردن و شیتەڵ کردن و بەرجەستە کردنی ئایدیایی ئازادی و یەکسانی، لەبەرئەوەی دەمەوێت لە بەشە جیاجیاکانی ناو باس وخواستە یاساییەکانی (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق (٢٠٠٩.ز) زیاتر شرۆڤەیان لەسەر بکەم.

سەرەتا دەمەوێت لە پێشەکیەکەوە دەست پێ بکەم، ئەویش ئەو پێشەکییە باس کردنێکی دووروو درێژوو هەتا ئاستێك ناپێویست بۆ پێشەکی پرۆژەی دەستوور یان بۆ دەستوور نووسراوە و نەیتوانیوە باسی پێویست بوونی دانانن و بوونی دەستوور لەپەیوەندی دەسەلاٌت و کۆمەڵ بکات. بێجگە لەوەی کە ناوەڕۆکەکەی پێك هاتوویەکی لێك دابڕاوو بێ پەیوەندی و دانانی دەلالەتی نا دروست و بێ سەرچاوە. باس لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری دەکات وەك ئەوەی کە ئەم دەستەواژانە لەسەرو مرۆڤایەتیەوە هاتبێت و ئەم سێ کوچکەی دروست بوون و پێکهێنەری کۆمەڵگایەکی بێ چین و توێژو بێ چەوسانەوەیەو، هەر کەس تیایدا بەپێی پێویستی خۆی ژیان و گوزەرانی دەچێت بەڕێوە، هەموو ئەو باس گەلانەی کە هاتوون لەم دەستوورەدا ناتوانێت باس و خواست و یان دەلیلی هەبوونی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر وبێ چەوسانەوە بێت. ئەمانەش هەر هەموویان بەدەست هاتووی فەلسەفی و ئایدیای مرۆڤایەتی یەو، مرۆڤایەتیش لەم ڕێگەیەوە لە هەوڵی گەڕانن بە دوای ڕزگارکار و دەرچوون لە ژێر مەنگەنەی چەوسانەوەی دنیای چینەکان دایە و هەوڵی داوە و بیری لە ئازادی و یەکسانی و دادپەوەری کردووەتەوە و لە پێناویدا تێکۆشاوە، هەروەها مرۆڤ دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا بەرجەستەی بکات و یان قۆرغیشی بکات.

لەلایەکی تر ئەم پێشەکییەی پرۆژەی دەستوورەکە، گومانی هەیە یان بڕوای نیە بەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵ بێت لەناو دەوڵەتێکی فیدڕاڵدا، هەر بۆیە دەستەواژەیەکی گوماناوی تیادا بەکارهێناوە، بەرجەستەی فیدراڵی بوونی هەرێم ناکات و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە، دەستوور بۆ هەرێم دروست بکات و تابتوانێت هەرێمێکی فیدراڵ بێت، ئەگەر وانەبوویایە ئەوە لە کۆتایی پێشەکی یەکەیدا نەیدەوت {بۆ ئەوەی کوردستان – عێراق هەرێمێکی فیدراڵی بێ لە ناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا} ئەم بڕوایە ماددەیەکی دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥ز) لە

بیرچـووه کـه دەڵێـت {کۆمـاری عێـراق دەوڵـەتێکی فیـدڕاڵی یـەکگرتووی سـەربەخۆی خـاوەن سـەروەرییە ڕژێمـی حـوکمڕانی تیایـدا کۆمـاری نوێنەرایـەتی (پەرلـەمانی) دیموکراسـی فیدراڵیـە} هـەروەها لـە بەنـدی پێنجـەم لـە دەسـەڵاتی هەرێمـەکان بەشـی یەکـەم لـە مـاددەی (١١٧) یەکـەم، لـە دەستووری کۆماری عێراقدا دەڵێت {ئـەم دەستووره لـە بـەرواری پیادەکردنیـەوە دان بـە هـەرێمی کوردستـان و ئـەو دەسـەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەك هـەرێمێکی فیـدراڵی} هـەروەها بـە نـاکۆکی لەگەڵ ماددەی (١) لە دەستووره کە ئەو گومانەیان لە پێشەکیەکەدا بەرجەستە کردووە... لێرەوە دەردەکەوێت کە نووسەرانی پرۆژەی دەستوور یان ئاگایان لە دەستووری کۆماری عێراق نییە، یان گومانیـان لـە بـوونی فیـدراڵی یـەتی هەرێمەکـە هەیـە وناکـامڵی بیروبـڕواو کـەمی وریـای و یـان ئەوەندەی خەڵکی حیزبی دانیشتوون بۆ نووسینەوەی ئەم ڕەش نووسی دەستووره بە خزمـەتی خۆیـان ئەوەنـدە بـۆ هاووڵاتیـانی نیـشتمانەکەیان نیـە و لـە نووسـینەوەیدا بیرتیـژی سیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نیە بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان.

واتــە ئەوەنــدەی دەســتەواژەی زیــادە و بــێ ســەروبەری تێدایــە ئەوەنــدە پێــشەکیەکی جــوان وشایستەی دەستوور نیە و نەبوەتە هۆیەك بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لـەوە بگـەن کـە دەستوور بۆچی نوسراوە و دەبێت هەبێت، لەبەرئەوەی ڕوونکردنەوەی هۆی دامەزراندن و نوسینەوەی و داڕشتنی دەستووری تێدا نیە. تا بـەو هۆیـەوە مرۆڤ لـە کـاتی خوێندنەوەیدا ئەوەی بۆ دەرکـەوێت و ڕوون بێتـەوە گرنگـی بـوونی دەسـتور بـۆ هـەرێمێك یـان وڵاتێـك لەچیدا و بۆچـی هـەوڵی بـۆ ئـەدرێت و بۆچی! دەبێت مرۆڤ پەیڕەوی لەیـەك بەیـەکی مـاددە و بڕگـەکانی بکـات. ئەمـە بـۆ دەستوورێك کە بەتەواوی بەرجەستەی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکات، بێجگە لە نا دروستی دانان و تێڕوانین لە ئازادی و یەکسانی و دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی، لـە پێشەکی و لـە ماددەکانی تری ناو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان عێراق (٢٠٠٩ز) هیچی تر نابینیت.

***

لـە دەروازەی یەکـەم (بنـەما سـەرەکیەکان) دوو بـڕوای لێـك جـووداو نـاوازە لـە بڕگـەی سـێیەمی مـاددەی(٢) دەبینیـت و دەڵێـت {نابـێ هـەرێمێکی نـوێ لـە نێـو سـنووری هـەرێمی کوردسـتان دابمەزرێنـدرێ} ئـەم بڕگەیـە جیـاوازە لەگـەڵ بڕگـەی دووەمـی مـاددەی (٣)ی هـەمان پـرۆژەی دەستوور و دەڵێت {یاسای فیدڕاڵی لە سەروەری و باڵادەستی دەستووری هەرێمی کوردستان و یاسـاکانی و ئـەو دەسـەڵاتانەی کـەم ناکاتـەوە کـە لـە مـاددەی (١١٥) و بڕگـەی دووەمـی مـاددەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵیدا هاتوون} لێرەدا داسەپاندنی دەسەڵاتی تاك ڕەوانەی دیکتاتۆریانە دەبینرێت، چونکە ئەگەر دەسەڵاتی فیدڕاڵی یان دەستووری فیدڕاڵی ئازادی بەکارهێنا دەسەڵات و

یاسا و ڕێسات ئەدات نابێت ببێت بە دڕندەیەکی گەورە بەسەر داخوازی و ژیانی هاوولاّتیانەوە، کاتێك ماددەی (١١٥) لە دەستووری فیدڕاڵی لە عێراقدا دەربڕینێکی تا ئاستێك لە دەربڕینەکانی ڕەش نووسی دەستووری هەرێم فراوانتر دەڕوانێت و کراوەترە بە ڕووی داخوازی و هەوڵە جیاوازەکاندا، لەو ماددەیەدا دەڵێت {هەر شتێك لە سنووری دەسەلاّتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدڕاڵیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەلاّتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لەسەر دەسەلاّتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە} ئەم ماددەیە زۆرترین مەجال دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئازادانەتر پارێزگاکان بڕیاری خۆیان لەسەر پێکەوەلکاندنیان بە هەرێمێکەوە بدەن. هەروەها ڕەش نووسی دەستووری هەرێم بیر لەوەناکاتەوە کە لە خاڵی (ب) ماددەی (١١٩)ی دەستووری فیدڕاڵی عێراق دا دەڵێت {لەسەر داواکاری دەیەکی (١/١٠) دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن} هەروەها ماددەی (١١٩) هەموو بەشەکانی ئەوە دەردەخات کە پێچەوانەیەکی بنەڕەتی و گەورەی لەگەڵ بڕگەی سێیەمی ماددەی(٢) داهەیە.

زیاتر و فراوانتر دەستی هەموو پارێزگایەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی جۆرێك لە لامەرکەزی و خود حکومەتی بەڕێوەببات. هەروەها کاتێك بڕگەی دووەم لە ماددەیی (١٢١)ی دەستووری فیدڕاڵی دەستی حکومەتەکانی هەرێمەکان ئاوەلاّ دەکات و دەڵێت {حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسایی فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆکی یان دژیەك لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێك کە لە سنووری ئەو دەسەلاّتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی} ئەم بڕگەیە لە ماددەی (١٢١) بۆ ئەوە دانەنراوە کە تۆ بە کەیفی خۆت مامەڵە لەگەڵ هاوولاّتیاندا بکەیت و مافە سەرەتاییەکانیان لێ زەوت بکەیت و ئەو پەڕی دیکتاتۆریەت پرۆسیس بکەیت ئەوەی کە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٢) بەیانی دەکات بێ ماف کردنی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە هەست و بڕوایان هەیە بۆ دروست کردنی هەرێمێك کە خۆیان پێیان خۆش بێت. ئەمەش لێسەندنەوە و زەوت کردنی مافێکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووریە لە کۆمەڵێك مرۆڤ کە بڕوادارن بە ژیانێك کە بۆ خۆیان لەسەری بڕوادارن و بە مافێکی ڕەوایی خۆیانیان دەزانن واتە پرۆژەی دەستووری هەرێم داواکاری سەرانی سیاسی بۆ فراوان کردنی سنووری هەرێم بە ڕەواو مافێکی خۆیانیان دەزان و لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە باس و خواستی زۆر لەسەر دەکەن ڕاستە داواکاری و خواست زۆرترین جار پەیوەستدارە بە جوگرافیاوە و لەسەر بنەمایەکی مێژوویش دێتە پێشەوە، بەلاّم هەندێك جار خواستن لەسەر مافێك پەیوەست نابێت بە مێژوویەکی دوورو درێژەوە و بەڵکو تەنها لە چوار چێوەیەکی جوگرافیادا دەتوانێت خۆی بەیان بکات و بنوێنێت. خواست کردنی زیندووانە بەڕەوا زانینیەتی لە ڕووی کات و

شوێنەوە و بەپێی خواست و ویستی ڕۆژانە و زیندوی کۆمەڵێك مرۆڤە لە چوارچێوەیەکدا کە داواکاری ژیانێکن، خۆیانی پێ سەرفراز و سەربەست دەزانن.
نابێت دەستوورێك کۆت و بەندی کۆمەڵ بکات، بەڵکو دەبێت دەستوور بۆ ئاسۆیەکی گەشەدار و بەرجەستەکاری هەموو مافێکی مرۆڤەکان بێت. چۆن! دەبێت داواکاری مافێك بێت بۆ خۆت و بۆ ئەوانی تری بەڕەوانە ببینێت. لەبەرئەوەی کورد لە عێراقدا داوای مافەڕەواکانی خۆی دەکات دەبێت بۆ ئەوانی تر کەلە گەڵیدا لە چوارچێوەیەکی جوگرافی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووری و مێژوویدا دەژین، هەمان ماف بەڕەو ببنێت و لە هەموو ڕوویەکەوە دەستەبەری بکات. ئەگینا هەمان ئەو مادده و یاسایانەی دەستووری عێراق دەردەچێت کە دەوڵەتی بەعس لە عێراقدا پەیڕەوی لێدەکرد.
ماددەی چوارەم لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق {پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەکی فیدڕاڵی لە هەرێمدا بخاتە کار کە بەدەربێ لە تایبەتمەندیی (حصری) دەسەڵاتەکانی فیدراڵی کە لە ماددەی (١١٠)ی دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵیدا هاتوون} نازانین چی جۆرێك لە پەیڕەوی یاسایی فیدراڵی دادەمەزرێنێت. واتە دروست بوونی جۆرێك لە سیستەم و دەزگای تر دێنێتە بەرچاومان و ناوەڕۆکی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانە دەخاتە خانەی گومانەوە و مەترسی دروست بوونەوەی جۆرێك لە تاك ڕەوانەی (دەسەڵات و ئیستبداد) بەسەر هاوڵاتیانی تری جیاواز لە دەسەڵاتدارانەوە، لەبەر ئەوە ئەتوانرا لەو ماددەیەدا ئەوە ڕوون بکرایەتەوە کە چ جۆرێکی تری سیستەم و دەسەڵات دەبێتە جێگرەوەیەکی باشتری ئەو دەسەڵاتە، واتە لەووردەکاری کردن تیایدا دەگەیتە ئەو بەرئەنجامەی کە نازانرێت چ جۆرێك لە سیستەم بەرهەم دەهێنێت. واتە ئەو ماددەیە ئەگەر وەك خۆی بمێنێتەوە و بە ماددەیەکی دەستووری لە ژیانی سیاسی دەسەڵاتداراندا ڕاڤەبکرێت. ئەوا ژمارە دانان لەسەر ماددەیەکی یاسایی ئاوا دواتر ئەبێت بە مۆتەکەیەکی ترسناك بەسەرشانی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە. چونکە هەربەپێی ئەو ماددەیە بێت ئەوا دەستیان ئاوەڵایە بۆ پرۆسیس کردنی خراپترین جۆر و ناوەڕۆکی سیستەمێکی دەسەڵات. لەبەر ئەوە لابردنی ماددەیەکی بەو جۆرە پێویستی یەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەگەر ڕەوایی پەیدا بکات لە ناو مادده دەستووریەکاندا ئەوا لە دواتردا ئەتوانرێت جێبەجێ بکرێت بەسەر کۆمەڵگادا، هەروەها دەبێت بە جۆرێك لە ڕێکخستنی و پرۆسیس کردنێکی ناداد پەروەرانە لەگەڵ هەرێمەکان و ئەندامانی ناوخۆی هەرێمەکەی. لەبەر ئەوەی بەپێی ئەم ماددەی چوارەبێت دەتوانێت گۆڕان کاری بەسەر هەر نۆ (٩) بڕگەکەی ماددەی (١١٠) لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی (٢٠٠٥ز) دابهێنێت و ڕەووشی هەلوومەرجی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییەکان بەرەو خراپتر بڕوات لەم بارە ناهەمووارەی کە ئێستا لە ئارادایە.

لەلایەکی ترەوە ماددەی (٨) لە ناو بڕگەکانی (٢) هەروەها بڕگەی (٣)یەمی خۆشیدایەك ئەوی تر ڕەش دەکاتەوە و هەروەها پێچەوانەشی دەبێتەوە لەگەڵ ماددەی (٤)دا.
لە ماددەی(٦)دا دەڵێت {ئەم دەستووورە دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان و ڕێزی لێ دەگرێ، و دان بە تەواوی مافە ئایینیەکانی مەسیحی و ئێزدیەکان و ئەوانی دیکە دادەنێ و سەربەستی بیروباوەڕ و بەڕێوەبردنی ڕێو ڕەسم و داب و نەریتی ئاینی لە هەرێمدا بۆ هەموو کەسێك دابین دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانانن و نابێ: یەکەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام} ئەم ماددەیە و بڕگەی یەکەم لە پرۆژەی دەستووری هەرێم، پێشێل کارییەکی بەرچاوی هەموو ئاینزا و مذهب و بیروباوەڕە ئاینیەکانی تری ناو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی تێدایە. لەبەئەوەی بنەماکانی شەریعەت ئیسلام بەسەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان ناو دەبات و لە بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی و کۆمەلأیەتی و یاسایی ناو کۆمەڵگادا جیای ناکاتەوە و دەیکات بە فەرز بەسەر هەموو یاسا و ڕێسایەکداو، کاروفرمانی یاسایی و شەرعی بەپێی ئاینی ئیسلام لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە هەڵگری بیروبڕوای ئایین و مذهبي جیاوازی ناو کۆمەڵ و گروپە کۆمەلأیەتی یە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵی کوردستانی عێراقدا هەیە. هەروەها ئەمەش ئەکرێت بە بەشێك لە چەوسانەوەی کۆمەلأیەتی و ئایدیای دینی ناوبرێت، لە ناو کۆمەڵە دینی یەکانی تری کۆمەڵگای کوردیدا لەبەرئەوەی لەم ماددەیەدا لە دەستووری هەرێمی کودستان – عێراق (٢٠٠٩ز) دا ئەم کۆمەڵە جیاوازانە لە داموو دەزگاکانی دادوەری و یاساییدا بەپێی شەریعەتی ئیسلام حەشر و نەشرییان لەگەڵدا ئەکرێت. لەناو دادگاکاندا بەپێی قورئان دەبێت وپرۆسیس کردنی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵدا بەپێی شەرع و سوونە شیکاری و بڕیاری لەسەر دەدرێت.
هەر وەکو لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦)ەمدا دەردەکەوێت، ئەو بڕگەیە سنووری شەرع و یاسای پەیوەند کردووە بە ئاینی ئیسلامەوە، ئەو بڕگەیە خواردن و پێشێل کردنی مافی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە بیروبڕوای ئاینی و ئایدیای جیاوازیان هەیە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا.
لەبەر ئەوەی چۆن موسڵمانێك پێی ناخۆشە بەپێی مذاهبێکی تری جیاوازیان ئاینزایەکی تر حەق و حسابی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەبەر ئەوەی خۆی بەبەش خوراوو غەدرلێکراو و هەتا بە تاوان لێ کردن و ئیهانەکردن بە بیروبڕوای ئاینی و کەسایەتی خۆی دەزانێت، ئاواش بۆ ئەندامێکی تری هەڵگرانی بیروبڕوای ئاینی جیاوازی ئیسلام ڕاستە و بە لەناوبردنی هێزی بیروبڕوای کەسایەتی و ئاینی خۆی دەزانێت. خۆی بە ماف خوراوی یاسایی و شەرعی دەزانێت و بەنا دادپەروەری لێکی دەداتەوە و بە پێشێلکردنی ماف و ئەرکەکانی بۆ ئیمان و بڕوای ئاینی خۆی دەزانێت. لەبەر ئەوەی پرۆسیس کردنی ڕێو ڕەسمی بیروباوەڕ و داب و نەریتی ئاینی بە تەنها سەرچاوەی دروست بوون و پێدانی ئازادی بیروبڕوای ئاینی و مذهبی تەواو نییە بۆ ئەوەی تا بە ئازادی

جیاوازی بیروبڕوایی ئایینی دابنرێت، ئەگەر ئەو سەرچاوەی یاسادانان و پەیڕەوی ئاینی و بە ڕەسمـی کردنـی حوکمـەکانی بیروبـاوەڕی ئـاینی ئیـسلام لـە سیـستەمی دادپـەروەری و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا هەبێت. لەبەرئەوەی دەبێت دین لە دەرەوەی کایەی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئابووری و داسەپاندنی بەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا بێت.
ئایین پەرستی بۆ هەر کەسێك بێت کە بڕوای پێی هەبێت و کەس دەستی جیاوازی ئاینی بۆ ڕانەکێشێت و هەروەها نەشبێت بە سەرچاوەی توندوتیژی ئایین پەرستی. هەروەها ناشبێت سەرچاوەی یاسادانان و بەڕێوەبردنی بێت، لەبەر ئەوەی دەبێت دین پەیوەند بکرێت بەتاك وەکو کەسایەتیەکی معنوی و دین وەکو بابەتی تایبەت بە خۆی بێت و کاریگەری بۆ سەر تاکەکانی تری دەووروبەری نەبێت و بابەتی خراپ کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دابڕانی یەك بە یەکی کۆمەڵ نەبێت. ئەو پەیوەندییە تەنها لە نێوان خود و خوادا بێت و بەس.
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڕگەی سێیەم لە هەمان ماددەی (٦)دا {سێیەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادیە بنەڕەتیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون} بێ گومان ئەم بڕگەی سێیەمە بە نابێی ماددەی (٦) دەست پێ دەکات. واتە (نابێ) پێناسەی ئەو بڕگەیەی پێ دەکرێت و بکەری یاسایی بڕگەکەیە. لێرەوە ڕاستی و دروستی سەرچاوەی ئەم دەستورە دیاری دەکات و ئەم ڕەش نووسەی دەستوور نەبڕوای بە ئازادی هەیە و نە ئازادیش پێشکەش دەکات (هەتا بە ڕستەش)
هەموو بەند و ماددە یاسایەکانی ڕەش نووسەکە، ناوەڕۆك دەبێت بۆ پرۆسیس کردنی دیموکراسیانەی سیاسی یەکانی سەرەوەی کۆمەڵ. چونکە هەموو جۆرەکانی دەسەڵات پرۆسیس کردنی دەسەڵاتی دیموکراسیانەی چینە جیاوازەکانە لەناو کایە و پرۆسەی دەسەڵاتی چینایەتیاندا.
هەروەها لە بڕگەی نۆیەمی ماددەی (١٩)دا. دەڵێت {زۆر لێکردن لەئایندا نیە. و هەموو کەس مافی ئازادیی ئایین و بیروباوەڕ و هزر و ویژدانی هەیە و حکومەتی هەرێم ئازادیی موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کەسانی دیش لە بە جێگەیاندنی ڕێ و ڕەسمی خواپەرستی و داب و نەریتە ئایینیەکاندا دەستەبەر دەکا،..} ئەم بڕگەیەش ئەوە ناداتە دواوە، کە غەدرێکی گەورەیان زووڵمێکی گەورە لە هەڵگرانی بیروبڕواکانی ئایین و فەلسەفی تر دەکات. ئەمانە هەر هەموو ناتوانێت لەو ڕاستیە کەم بکەنەوە، کە تشریع و دادگەری بە یاسا و ڕێسایەك دەکرێت کە مۆرکی ئایینی جیاوازیان هەیە لە دەسەڵات و یاسادانان‌دا، لەگەڵ ئەو ئایینە جیاوازانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و ڕەش نووسەکە باسی کردووە، یان پرۆژەکە باسی کردووە. ئەوەش ناتوانێت بە ئاستی ئەوە ڕاست و دروست بێت کە کۆمەڵگا دەستوور و یاساکانی بە ماددەی دەستووری و یاسایی مرۆڤ دۆستانە و دور لە هەموو دەسەڵاتێکی ئایینی و یان شەرع و ڕێساکانی بێت و

دانرابێت. لەبەر ئەوەی ئەو دەستووورە بارێکی یاسایی وەك یەك و ئازادی بۆ هەمووان دەبێت و بە دادپەروەری مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکات.

لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١١)یازدە { یەکەم: هەرێمی کوردستان – عێراق ئالایەکی تایبەتی هەیە کە لە تەك ئالای فیدراڵیدا هەڵدەدرێ، هەروەها دروشم و سروودی نیشتمانی و جەژنی نەتەوایەتیی خۆی (نەورۆز) یشی هەیە و ئەمەش بە یاسایێك دەخرێ} بە بڕوای من دەبێت ئالایەك هەبێت کە دیاری کار و دەرخەری پلاتفۆرمی هەموو نەتەوە و هێزە کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانی عێراق بێت، ئەگینا هەمان ئەو ئالایە دەبێت بۆ گەلی عێراق کە حیزبی بەعس سەپاندبووی بەسەر هەموو خەڵکدا، بێ جگە لە پلاتفۆرم و شیعاری حیزبەکەی هەمووکەس و لایەن و نەتەوە جیاکان و ئایین و مەزهەبە جیاجیاکانی لە بیرکردبوو، ئەوەش هۆیەکی گەورەی بەرچاو تەسکی سیاسی و ئایدیایی نەتەوەیی دروست کرد بوو و دای سەپاندبوو بەسەر هەموو کۆمەڵی عێراقدا، هەروەها سەرچاوەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیانی ئەو جوگرافیا سیاسیە بوو، کە ئەنفال و خوێن ڕشتنێکی زۆری ئەنجامدا لەگەڵ هاووڵاتیانی عێراقدا، ئەوانەی پێشوو ئەبوایە ببوونایە بە ئەزموون و سوودیان لێوەر بگیرایە بۆ ئەوەی ئیتر ئاپارتاییدی دینی و نەتەوەیی بنەبڕ بکرایە.

لەبەرئەوەی کەلەسەرەوە باسم کرد، دەبێت بەیەك پلەو یەك چاوو وەك خۆت ئەوانی تر ببینیت و مافیان هەبێت. هەروەها لەبارەی بۆنە و جەژنەکانی ناو پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەرێمەوە. دەبێت ڕەچاوی هەموو بۆنە و جەژنەکانی تری لایە کۆمەڵایەتی و چینایەتی و کەلتوورە جیاوازەکانی تر بکرێت و وەك جەژنی (نەورۆز) ئەوانیش ڕێزیان لێ بگیرێت و بکرێن بەپشوو، ئەگینا ئەو ووڵاتە نابێتە ووڵاتی هاووڵاتیانی چوارچێوەی جوگرافیایی سیاسی هەرێم، تەنها وڵاتی دەسەڵاتداران و مستەخۆرانی مشەخۆری سەرلاشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵ دەبێت.

هەروەها لەلایەکی ترەوە بۆ دروشم و سروودەکانیش نابێت تەنها و تەنها دەربڕی خواست وویستی نەتەوایەتی کورد بێت. ئەگەر دان بەبوونی کۆمەڵایەتیانەی ئەوانی تریشدا دەنرێت (ئەوانی تر وەك جیاکردنەوە نا) لە ڕووی نەتەوایەتی و ئایینی یەوە، هەروەها لەبەرئەوەی بەدیارکەوتنی سیستەمی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی لە ئالاو و سروودەوە دەردەکەوێت.

لەبەئەوەی لە سیستەمی ئێستادا ئالا و سروود ناسێنەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریە، ئەوا دەبێت هەموو ئەو سروود و دروشمانە جیاوازبێت لە وویستی ئاینی و مەزهەبیانە و نەتەوەییانەی کۆمەڵ و گروپە جیاواز جیاوازەکان و دەبێت دەربڕی پێکەوە ژیانی هاریکاریانە و پێشاندانی دەورو نەخشی مێژوویانە و کەلتووری هەمووان بێت لەناو کۆمەڵگای هەرێمدا، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

به هاوكاری و پێكەوەیی هەموو لایەنە كەلتوریەكان هاتووەتە بەرهەم. ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت و نەكرێت و بە یاسایەكی دادپەروەرانە ڕێك نەخرێت ئەوا دەبێتە هۆی نا دادپەروەری و پێشێل كردنی مافی ئەوانی تر و بە بەهانەگرتنی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیانەی هەمووان. هەر بۆیە بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١١) دەبێتە هۆی بەدرۆخستنەوەی ماددەی (٣٥) و (٣٦) كەلە ماددەی (٣٥)دا هاتووە {ئەم دەستوورە مافی نەتەوەیی و رۆشنبیری و كارگێڕی دەستەبەر دەكات بۆ توركمان، عەرەب، كلدان، سریان، ئاشووری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێكهاتەیەك كەلە هەر شوێنێك زۆرینەی دانیشتوانی هەبێت} هەروەها ماددەی (٣٦) دەڵێت (ئەو حوكمانەی لەو بەشەدا هاتوون سەربارى ئەو مافانەن كە لەم دەستوورەدا بۆ پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینیەكان هاتوون.} كاتێك دەوترێت بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١١) هەردوو ماددەیی (٣٥ و ٣٦) پەك دەخات لەبەر ئەوەی لە بڕگەی یەكەمدا باسی نیشاندانی ڕێ و ڕەسمی نەتەوەیی و ئاینی ئەوان نەكراوە و دەست نیشان ناكرێت، هەروەها بۆ پیشان دانی بوونی هەموو ئەو ئەتنیك و ئایینانە لە ئاڵا و سروودی هەرێمدا هیچ كارێك نەكراوە هەر بۆیە ماددەی (٣٥ و ٣٦) مرەكەبی سەركاغەزە و هیچی تر. ناتوانێت ماددەیەكی جێبڕوای هەمووان بێت پیشانداری ناوەڕۆكی پەیڕەوی ئازادانەی ناو پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان – عێراق بێت.

***

لە بارەی هێزی سەربازی و سووپا و هێزەكانی ناوخۆوە. ماددەی (١٢) ئاوای ووت {هەرێمی كوردستان، بەپێی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵی، هێزێكی پێشمەرگەی بەرگریكاری هەیە بۆ پاسەوانی هەرێم، كە پێكهاتە و ئەركەكانی بە یاسایەك ڕێك دەخرێن و نابێ میلیشیای چەكدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێكبهێنرێن} هەروەها من لێرەدا بەباشی دەزانم كە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵی بنووسمەوە و دەڵێت { هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حكومەتی هەرێمدایە بە تایبەتی پێكهێنان و ڕێكخستنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.} دەبێت هێزی پێشمەرگە یان هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم، هێزێكی بێ لایەنی پارێزگاری كاری جوگرافیای سیاسی هەرێمی كوردستان بێت، نابێت لایەنگری و گوێڕایەڵی حیزب بێت و بەشداری بە هێز و چەكداری بكات لە كاتی كێشە و مل ملانێی حیزبیدا. واتە نابێت ئەو هێزە بە زەبری چەك ببێتە لایەنێكی یەكلایی كەرەوەی كێشەی فكری و چینایەتی و كۆمەڵایەتی هێزە جیاوازەكان.

لەبەر ئەوەی جدل و پلمیك ی ئەو هێزە حیزبی یە جیاوازانە دەبێتە مل ملانێیەکی خوێناوی و وونکردنی راستیەکانی پرۆسیس کردنی هێز و کار و کردارییان و کاول کارییە بۆ ژێرخانی کۆمەڵ و کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتە بەردەم مەترسیەکی گەورەی داڕمانی بەها کۆمەڵایەتیەکان و کەلتوری بڕوابوون بە بەرامبەرێکی جیاواز لە بیروبۆچووندا. واتە نابێت ئەو هێزە بە هیچ جۆرێك ئەڵقە لە گوێی حیزب بێت. هەروەها دەبێت بەپێی پابەندبوونی بە یاسا و ڕێسایەکی دادپەروەرانە و گونجاوی مۆدێرنەوە هەبێت لە هەموو هەڵسووکەوتێکیدا لەناو کۆمەڵ و حکومەتدا. ئەبێت بە یاسایەك کۆت و بەندی جۆری هەڵسووکەوت و بەشداری کردنی لە کایە کۆمەڵایەتی سیاسیەکاندا بکرێت، کەلە پرۆسەی دەست بەسەراگرتنی هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی دەسەلات و حکومەت لە ڕێگەی کوودەتای سەربازیەوە بەکارنەهێنرێت لەلایەن هیچ گروپ و لایەنێکەوە.

هەموو ئەو تێڕوانینەی من لە جێبەجێ کردندا بەوە دروست دەبێت، کە ئەم هێزە بە تەواوی جیاکراوە بێت لە دەسەڵاتی تاك لایەن و تاکە کەسەوە و لە ڕێگەی ئەنجوومەنێکی سەربازیەوە بەڕێوەببرێت، و گۆش کراوو هووشیار بێت بە بڕوای بەرگری کردن لە هەرێمێك، و خاڵی ووردی دەست نیشان کراوی بەرژەوەندیەکانی ئەو چوارچێوە جوگرافیە سیاسی، کۆمەڵایەتی ئابووری یەوە پەیوەندی هەبێت. دەبێت ئەو ئەنجوومەنە هیچ کەسێك هیچ کەسێك و لایەنێك تیایدا بالآ دەست و بڕیار دەرنەبێت، تەنها لە ڕێگەی زۆرترین ئەندامانەوە بڕیار لەسەر هەڵسوکەوت و جووڵاندنی سەربازی بدرێت، بە مەرجێك کە بە یاسا کۆت و بەندییان بکرێت کە نەبنە لایەن و ئەندام و لایەنگری هێزێکی حیزبی و سیاسی دیاری کراو و هەوڵی کودەتا بدەن و یان دەست کەلا و هێزی چاوسوورکەرەوەی لایەنێك و حیزبێك بێت بەسەر ژیان و هەڵوێستی سیاسی و هزری خەڵك و لایەنگرانی جیاوازەوە.

دەبێت هێزێکی پارێزەری ئەو سنوورە جوگرافیاییە بێت لە هەموو هەوڵێکی تێك دەرانەی دەرەکی بۆ باری ژیان و گوزەرانی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی ئەو هەرێمە، و نابێت لایەنی پشێووی ناوخۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت.

هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە دەیبێت بەرامبەر بە هێزێکی دەرەکی یان چەند هێزێك دەبێت بەپێی ڕاوێژ و شرۆڤە کردنی هەلومەرجەکە و پێویستیەکانی بێت، لەلایەن ئەو ئەنجوومەنی سەربازی یەوە بڕیاردانیان تەندروست بێت.

هەروەها ئەمەش دەبێت بەپێی یاسایەکی توند و نەگۆڕ ڕێك بخرێت و نەبێت بە داردەستی هێزە جیاوازەکانی دەرەوە و ناوخۆ. هەروەها لە دەستووردا مادده و بڕگەی سەربەخۆی خۆی هەبێت و دەست نیشانی ئەرك و فرمانەکانی بکات. لەبەرئەوە دەبێت هێزە چەکدارەکانی هەرێم هەرێم هەرهەموویان لایەنگری هیچ هێزێکی سیاسی ناو هەرێم نەبن، بۆ ئەوەی ئەو هێزە نەبێتە دار

دەستی سەرۆکایەتی و هێزە سیاسیە جیاوازەکان و پرۆسیسی زوڵم و زۆری دیکتاتۆریەتی تاك ڕەوانەی پێ نەکرێت و هێزێکی سەرکوت گەرنەبێت.
لەلایەکی تر بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵی بۆ ئەوە ڕێگا نادات بە هەرێم لە دامەزراندن و پێك هێنانی هێزی سەربازی ببێتە دەست کەلای سەرۆك یان هێزێکی دیاری کراوی حیزبی. وە دەبێت ئەوەش بە تەواوی و بە ڕوونی لە دەستووردا ڕوون و ئاشکرا بکرێتەوە، تا هێزی سەربازی هێزێك نەبێت بۆ سەرکوت کردن. لە ڕێگەی ماددە و بڕگەی دەستووریەوە دابمەزرێنن و یەك لایەنی جێبەجێکار یان یاسادانان بە تەنها دەستی لە دروست کردن و هەڵوێستەکانیدا نەبێت و هەروەها پێدانی بڕوا و متمانە و پلەی سەربازی بە یاسایەك و بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوە بچێت و لە ڕێگەی دەست نیشان کردنی لایەنی دروستی کاروکردار و ئەرکەکانیانەوە جێبەجێ بکرێت.

***

لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٩)دا دەڵێت {هەموو کەس ماف ژیان و ئازادیی هەیە و بە یاسا نەبێ نابێ هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێ یان لێی بەر تەسك بکرێتەوە} ماف ژیانی مرۆڤ ماف وەك یەکی ئاستی بژێوو یوو، دەست ڕاگەشتنیانە بە هەموو بە دەست هاتووەکانی مرۆڤایەتیەوە
ئەگەر ئەوە جێبەجێ نەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا، ئەوا بێ گومان ماف ژیانی دەخرێتە ژێر لە دەست چوونێکی گەورەی بەهاکانی ژیان و خۆش گوزەرانی تیادا بەرهەم نایەت. ماف ژیان تەنها ئەوەندە نییە کە مرۆڤ بە زیندووی بژێت. بەڵام زیندوویەکی وون بوو هەندێك جاریش لە دەست چووی کەسایەتی خۆی ، (بەمانای) دەست ڕانەگەیشتنی بە بەهای خۆشیەکانی ژیاندن، ئەوە ماف ژیان نیە بۆ هاووڵاتیان، لەسەر و خۆیانەوە سەردارێکی میلیار دێر هەبێت و مرۆڤەکانی تریش لەو پەڕی بێ گوزەرانیدا چاو بکەنەوە و لەگەڵ کولەمەرگیدا یەك هێڵ بن.
کاتێك مرۆڤ لە ژیاندا ئاسوودە دەبێت کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ وەك یەك تام وچێژی بەهاکانی ژیان بکەن. واتە ئەوە ماف دان نیە بە ئادەمیزاد کە بەڕێوەبەر و ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیەکان و سەرکردە و ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان و سەرۆك وەزیران هەروەها هەموو ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر شەقامەکان خۆڵ و خاشاك پاك دەکەنەوە یەك ئاستی ژیانیان نەبێت. واتە دەبێت هەمووان وەك یەك سوودمەندبین لە پرۆسەی ژیان و بەدەست هاتووەکانی مێژووی ژیان. بۆ نموونە لە بەڕێوەبەرایەتی یەکدا بەڕێوەبەر بە تەنها هیچی پێ ناکرێت ئەگەر کارگوزار و فەرمان بەرەکان نەبێت. ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵ نەبێت بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، سەرۆکێك لە وڵاتدا هیچی پێ ناکرێت. بۆ پاك و خاوێن ڕاگرتنی وڵات و بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتیەکان و ئەرك و فرمانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگا، ئەگەر هەموو ئەندامان هەریەکەی بەپێی سووچ گرتنی بەشێکی لایەنەکانی ژیان و خزمەت گوزاریەکانی، ئەمانە هەر هەموو پێکەوە دەتوانێت سیستەمی کۆمەڵگا بێت و

بەڕێوەی ببات و پێك هێنەری دەوڵەت بێت. واتە ئیتر بۆ ئەبێت ئەو موچەیەکی هەبێت لەسەر و مووچەی کارگوزارێکی شارەوانیەکان بێت. کە ئادەمیزادێکی پاکژکەرەوەی شەقام و خۆڵ و خاشاکی ناو کۆمەڵە. ئەگەر ئەم کارگوزارانە نەبێت ئەی ئەو هەموو پاکژکردنەوانە خۆ تەنها بە سەرۆکی بەڕێزی هەرێم یان سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکان ناکرێت و کار و فرمانی هەموو بەشەکانی ناو کۆمەڵگا بەڕێوە نابرێت.
واتە هەر یەکە لە ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەك، لە شوێن و ڕێگەی خۆیدا لە پرۆسەی جێبەجێ کردنی فرمانی سەرشانیەوە و کارکردن لە هەر جێگە و ڕێگایەکدا کۆمەڵگای تیایاندا بەڕێوە دەبرێت، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، نابێت ئەوانەی لەسەرەوەن ژیان و گوزەرانێکیان هەبێت لە ئاستی دەست ڕاگەشتنیان بە هەموو بەرهەم هاتووەکانی مرۆڤایەتی جیاواز بکرێتەوە لە ژیان و گوزەرانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ. چونکە ئەگەر جیاواز بکرێتەوە ژیانی ئەندامانی کۆمەڵ لەسەرەوە و ئەوانی تری کۆمەڵگا ئەوا ئەو بڕگەیی دووەمی ماددەی (١٩) ناڕاستی لەگەڵ کۆمەڵ و ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەڵێت و دەبێتە درۆیەکی شاخ دار.
هەروەها درۆیەکی شاخ داریشە چونکە کۆمەڵگا لەسەر بنەڕەتی پەیوەندی کار و سەرمایە دامەزراوە و هێزی چەوسێنەر و چەوساوەی تێدایە و دامەزراوەیەکی چینایەتیە، ماف ژیانی یەکسان و ئازاد تەنها لە کۆمەڵگای بێ چیندا بۆ هەمووان وەك یەك دەبێت.
بڕگەی دووەمی ماددەی (١٩) ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت، کە ژیان لە سیستەمی چینایەتیدا، بێ ماف یە. هەر بۆیە دەڵێت {هەموو کەس ماف ژیان و ئازادی هەیە و بە یاسا نەبێ نابێ هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێ یان لێی بەرتەسك بکرێتەوە} من نازانم ئەگەر ماف ژیان و ئازادی هەبێت بۆ ئەبێت بە یاسا مرۆڤی لێ بێبەش بکرێت؟!
چ هۆیەك وا لە دەسەڵات داران و پرۆژەی دەستوورەکە دەکات، کە ژیانی مرۆڤ بکەن بە دۆزەخ یان یاسا دابڕێژن بۆ دروست کردنی دۆزەخ. ئەگەر سروشتی سیستەمە چەوسێنەرەکان نەبێت بۆ دەست بەسەراگرتنیان نەبێت بەسەر وورگ و ژیانی خەڵکەوە. بەهیچ جۆرێك و لە هیچ کاتێکدا نابێت مرۆڤ لە ژیان بێبەش بکرێت. هەتا ئەگەر تاوانیش بکات، بە مەرجێك کاریگەری گشتی نەبێت بۆ سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی هەموو خەڵك.
لە شوێنی وەرگرتنی سزاکەشیدا دەبێت هەل و مەرجی ژیان و مافەکانی بۆ دابین بکرێت. ئیتر دەبێت بە یاسا لێی بسەنرێتەوە. ئەگەر لە سیستەم و، وڵاتێکی دیکتاتۆر و ئیمپراتۆرەکانی ڕابردوو کۆیلەکردن نەبێت.
بۆ شرۆڤە کردنی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٩). بۆ ئازادیش گرێدراوی ماف یەکسانی ژیانە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بێ جیاوازی لە دەست ڕاگەشتنیان بە بەرهەم هاتووەکانی مرۆڤایەتی. بەم پێیە ئازادی بێ یەکسانی ناتوانرێت بە دەست بێت و یەکسانیش مانا پەیدا ناکات، بێ ئازاد

بوون لە هەموو کۆت و بەندێکی کۆمەڵگای چینایەتی و بازاڕی ئازاد و بازاڕی نا یەکسانی دەوڵەت. واتە کاتێك یەکسانی بەرهەم هات ئازادیش بوونی دەبێت، چونکە هەرچی کێشەی کۆمەڵگاکانی جیهانە سەرچاوەکەی نایەکسانی یە لە بەکاربردن و بەرهەم هێناندا. هەر لەبەرئەوەشە دەوڵەت دەزگای دار و شەلاق و پۆلیس و ئاسایش و دەزگا سیخوریەکان دروست دەکات و ڕایان دەگرێت بەسەر سەری هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت پارێزگاری لە دەوڵەمەند بوونی خۆی بکات و بێ ماف کردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا پەرەپێ دەدات چونکە کەڵەکە بوونی سەرمایە لە بێ ماف کردنی ئادەمیزاد لە ژیان و ئازادیدا دروست دەبێت.

هەروەها ئازادی بریتیە لە پرۆسیس کردنی ئیرادە و تواناکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەندروست و دەست ئاوەڵا بوون لە پێناوی خزمەتکردن و گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی زانستی و دوور لە پاوان خوازی و هێرش کردنە سەر ئازادی و مافە ڕەواکانی ژیانی مرۆڤایەتی.

ئازادی پرۆسەیەکی جیاوازترە لەو ئازادیەی کە بەمانای سیاسیانەی چینایەتی شی بکرێتەوە ئەنگڵس دەڵێت ( ئازادی کۆتایی نایەت لە سەربەستیەکی طوباویانە بەسەر یاساکانی سروشتەوە. بەڵکو لە زانینی ئەو یاسایانە و وە ئەو زانینانە و توانایانەی کە پشتی پێ بەستراوە بۆ هەڵگرتنی یاساکانی سروشت بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لەسەر ئەو کارەی کە لە پێناوی ئامانجێکی دیاری کراو دایە.)

بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٩) سەرجەم هەموو بێ مافی و نەبوونی ئازادی و نایەکسانی بەڕەوانەبینی ژیانێکی گونجاو یەکسان بۆ هەرکەس بەپێی پێویستی ژیان و ماڤەکانی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دیاری دەکات.

هەروەها بڕگەی یازدەم لە ماددەی (١٩) دەڵێت {ماڤ بەدەست هێنانی زانیاری بە یاسایەك دەستەبەر دەکرێ} دەبێت ئەو ماددە یاسایيە چی جۆرێك و مافێك بێت! ئەگەر بۆ خۆ دزینەوەی دەسەلاْت و حکومەت نەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئەو زانیاریانە لەبەردەم خەڵکدا. نابێت ئەو مافە لە هەموو مرۆڤەکان بسەنرێتەوە لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژێت. چونکە کۆمەڵگا پەیوەندی بە هەموو ئەندامانەوە هەیە. بۆیە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ ماڤ زانینی هەموو زانیاریەکانی ناو پرۆسەی دەسەلاْت و بەڕێوەبردنی هەیە.

جۆری بەڕێوەبردن و ڕووداوو پرۆتۆکۆڵەکان و بودجە و هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە سەرچاوەی پێکهێنانی دەسەلاْت و دەست ڕاگەشتنی هەموو تاکێکی کۆمەڵ بە زانیاریەکانی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەکێکە لە مافە هەرەسەرەتاییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ. بۆ ئەوەی لە ئەرك و فرمانی سەرشانی خۆی بگات وبزانێت لە پێناوی چیدا خزمەت دەکات، و پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە هەیە. چونکە کۆمەڵگا و دەوڵەت و دەسەلاْت پەیوەندی بە هەمووانەوە هەیە.

ئەم بڕگەیە لە ماددەی (١٩) قۆرغ کردنی زانیاری یەکانە بەپێی یاسایەك کە دیاری نەکراوە، لەلایەن چەند کەسێکی دەست ڕۆشتووی دەسەلآت و ناو کۆمەڵگاوە و ، بە تەنها ئەوانن دەستیان بە هەموو زانیاریەکان دەگات و لە پێناوی خزمەت کردنی خۆیاندا بەکاری دەهێنن.
لەلایەکی ترەوە دەبێتە زانیاریەك بۆ سەرچاوەیەکی نا دروست لە دەرکردنی بڕیارێکی نا دروست. چونکە هیچ کەس ئاگادر ناکەن لەوەی کە کاتێك جەنگ هەڵئەگیرسێت لە نێوان هەرێم و دەرەوەیدا یان لەناو هەرێم خۆیدا.
لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ژێربەژێری ئەو جەنگانە هیچ کەس بەتەواوی لە بەردەستیدا نابێت تا بڕیار لەسەر جەنگێکی ناڕەوا بدات و تیایدا نەبێت بە سووتەمەنی، لەلایەکی ترەوە ڕێژەی داد و بی دادی خەڵك لە سەرچاوەی هەواڵگریەکانیاندا ناخەنە بەر چاو و پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئابووری کۆمەڵگا و سیستەم و خزمەت کردنی ئەندامانی کۆمەڵ و باس کردنی لایەنی چاك و خراپی. تا بەو هۆیەوە خەڵك تیایدا بڕیاری لەسەر بدات بە بەڵێ یان نەخێر لە سیستەمی بەڕێوەبردندا، ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ئازادی لە مەنگەنە دەدرێت، بەم پێیە دەبێت ئەو بڕگەیە لە ماددەی (١٩) بگۆڕێت بۆ ئەم ڕستەیە کە بەشیاوتر و راست تری لە قەڵەم دەدەم. ئەویش ببێت {مافی بەدەست هێنانی زانیاری گشتی هەمە جۆری ناو پرۆسەی دەسەلآت و بەڕێوەبردن مافێکی سەرەتایی و بی ئەملاو ئەولای هەموو کەسێکە.}

***

خاڵی دووەم لە بڕگەی حەڤدەم لە ماددەی (١٩) دەڵێت {ئەو کۆمەڵانە قەدەغە دەکرێن کە ئامانجیان، یان کردەوەکانیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم دەستوورە و یاساکان ناکۆك بن یان هەڵوێستێك وەربگرن کە دژی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و لێك نزیك بوونەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی گەلی کوردستان – عێراق بێت} بە تەواوی دەست نیشانی قۆرغ کردنی مافی ئەو کەسانە دەکات کە بیروکردارێکی جیاوازیان هەیە لە پێڕەوو پرۆگرامی ئەو سیستەمەی کە لەم دەستوورەدا بەیان کراوە، چونکە هەڵگرانی بیروباوەڕی چینایەتی و هزری مارکسیستی سەرەتاپای ئەو جۆرە سیستەمە ڕەت دەکاتەوە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا بەیان کراوە. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە سیستەمانەی کە سەرچاوەکانیان لە دەستووری یان پرۆژەی دەستووری ئاوادا هەڵگرتووە. دەسەلآت و پەیوەندی یەك لەگەڵ کۆمەڵدا دروست دەکات، نەهامەتی و بی مافی ئەندامانی کۆمەڵی تیادا دروست دەبێت. ئەم پرۆژەیەی دەستووری هەرێم – هەر لەسەرەتاوە بڕیاری ئەوەی داوە کە دەبێت دەستوور و سیستەمەکەی بە دڵی دەسەلآت داران خۆیان بێت. ئەگەر خەڵك لە ڕێگەی پەیداکردنی هۆشیاری چینایەتی یەوە و، زووڵم زۆر کردنی دەسەلآت و

دەوڵەتەکەیەوە، ئەو سیستەمەی دایە بەرتیر و توانج و هەڕەشەی لەناوبردنی یەوە،لە ڕێگەی ئەو بڕگەیە و خاڵەکانی یەوە درێژە بە دەسەلآت و چەوساندنەوەی کۆمەڵ بدەن و ئەو بڕگەیەك بکەن بەهۆیەك بۆ سەرکوت و لێدانی هەموو بە هێزێکی پێشکەوتن خواز و خزمەت گوزاری کۆمەڵ.
هەر ئەو بڕگەیە دەکەن بە هێزێکی فشار و قەدەغە کردنی هەموو بزاوتنێکی پێشکەوتن خوازانە. و بە ئاگر و ئاسن و لە ڕێگەی گرتووخانەکانیانەوە وەلآمیان پێ بدەنەوە و ڕێگەیان لێ بگرن، هەروەها ئەمەش دەبێت، یان هۆیەکە بۆ بڕینی سەرچاوەی ئازادی لە خەڵك و کۆمەڵگا.
چ هۆیەك وا دەکات ئەو کۆمەلآنە قەدەغە بکرێن کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم دەستووره و یاساکانی و سیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەلآتەکەی ناکۆك بن؟! ئەمەش هەڕەشەیەکە بۆیە ئازادی کارکردنی هەموو ئەو لایەنانەی (بێجگە لە هێزە تیرۆریستەکان) کە دەیانەوێت دەسەلآت و سەرمایەیان لەگەڵدا بەش بکەن، یان ئەو هێز و چینە شۆڕش گێڕەی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی مێژوویی چینی کرێکار، کە خەباتی چینایەتی و پێکهێنانی گروپی چینایەتی بەسەرچاوەی ڕزگاری بوون دەزانن و دەیکەن بە بەشێك لە تێکۆشانی ژیانیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بی چین تا ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلآیەتی تیادا بەرقەرار بێت.
نووسەران و داڕێژەرانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی – عێراق (٢٠٠٩ز)، ئەوانەن کە دەیانەوێت لە کۆمەڵگایەکدا بژین هەموو کەس وەك خۆیان بیر بکاتەوە و چەپڵەیان بۆ لێ بدەن و بیر لە ژیان و گوزەرانی لە دەست چوو یان نەکەنەوە و بێ ماف نا عەدالەتی بە ماف و ئازادی بزانن. لەبەرئەوەی ئەو دەستووره دەربڕی خواست و ویستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ نیە، هەروەها بێ جگە لە ڕێکخستنی سیستەمیانەی کەڵەکە کردنی سەرمایە و خۆش گوزەرانی بۆ خۆیان، هیچ ئەرك و فرمانێك دەرناخات لە ڕێکخستنی کۆمەڵ بە ئاڕاستەی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان، وە هۆیەکیشە بۆ ڕێگەگرتن لەبەردەم کۆمەڵدا.

***

خاڵی سێیەم لە بڕگەی هەژدەم لە ماددەی (١٩) دەڵێت {ئەو حیزبەی هەوڵ بدات لە ڕێگای ئامانجەکانی، یان چالاکی، زیان بەسیستەمی بنەڕەتی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ، یان لای بەرێ، یان هەڕەشە لە یەکپارچەیی هەرێم، یان پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی بکا، بەسەر پێچیکاری دەستوور دادەندرێ و دادگای دەستووریش لایەنی تایبەتمەندە بۆ بڕیار دان لەسەر ئەو سەرپێچیە دەستووریەی دراوەتە پاڵی و ڕادەی مەترسیداریی سەرپێچیەکە} هەموو ئەو هەڕەشانە، مەترسیەکانیمان ڕوون کردەوە، بۆ سەر

هەموو ئەو گروپ لایەنانەی کە ئەو پرۆژەی دەستوورەیان قبولْ نیە. لێرەدا نامەوێت زیاتر یان لەسەر بدوێم چونکە پێشتر گفتوگۆم لەسەرکردوون بەشێوەیەکی کورت.
هەروەها خالْی یەکەم لە بڕگەی هەژدەم لە ماددەی (١٩) دا دەلێت {ئازادی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەرکراوە و بەپێی یاسا ڕێکدەخرێ. بە مەرجێك کە لە پێڕەوی ناوەخۆ و ڕێکخستن و چالاکی و مافی ئەندامەکانیان پابەندبن بە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و حوکمەکانی ئەم دەستوورە و ڕێزگرتن لە ئالآی کوردستان و سروودە نیشتمانیەکەی} بە بڕوای من پیرۆزبوونی بڕیاردان لەوەدایە کە چۆن بتوانێت ئەو بڕیارە یان ئەو کردەیە هاوتایی و یەکسانی و ئازادی دروست بکات لەناو کۆمەڵگادا، نەوەکو پیرۆز کردنی ئالآ و سروودە نیشتمانیەکان. با ئالآیەکی جوان و ڕەنگینی جیهانت هەبێت و خۆشترین و جوانترین سروود و ئاوازت هەبێت، و چەوساندنەوە و نایەکسانی و دیکتاتۆریەت بەر قەراربێت،چ مانایەك بۆ ئالآ و سرودەکە دەهێڵێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لە ژێر چەتری ئالآیەك و خوێندنەوەی سروود و ئاوازەکەیدا بێنان بکرێت و ئازادی لێ زەوت بکرێت. ئیتر ئالآی چۆن لا پیرۆز دەبێت، هەر وەکو ئەوەی کە بەسەر ئالآی حیزبی بەعسدا هات لە عێراقدا و هەتا ئێستاش خەڵك هەر هەموی ڕقیان لێ دەبێتەوە چونکە ژیانی خەڵك لە ڕووی ئاسایش و ئازادی یەوە خۆش نەبوو. بۆ ئالآی هەرێمیش هەروا دەبێت کە پرۆسیسی ژیان و گوزەرانی خەڵك گۆڕان کاری بنەڕەتی بەسەر دانەیەت. هەروەك لە پێشتریشدا تێڕوانینی خۆم لەسەر ئالآ ڕوونکردەوە ئەو ئالآیە دەربڕی خواست و وویستی هەموو گرووپە جیاوازەکانی ناو هەرێم نیە. مافی مرۆڤ بوونی نیە ئەگەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵگادا سکی برسیان هەڵگوشن و هەندێکی کەمیش لەوپەڕی کەیف و سەفا و خۆش گەزەرانیدابن.
هەرێمی کوردستانی عێراق خۆیان لەپەرلەمانی عێراقدا داوا و باسی ئەوە دەکەن کە ئالآی عێراق دەربڕی بوونی هەموو گروپ و ئەتنیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگای عێراق نیە، ئاواش دەبێت خۆت پێك هێنەری ئالآیەك بیت کە دەربڕی خواست و وویست و بوونی هەموو گروپ و ئەتنیکێکی جیاوازی ناو کۆمەڵگای هەرێم بێت.
ئەگینا هەر ئالآیەك هەبێت لە هەرێمدا دەکەوێتە بەر تانەو تەشەری ئەندامان و گروپەکانی ناو هەرێم. ئەوەش دەبێت ئالآیەك هەبێت کە هەمووان سەری ڕێزی بۆ دابنەوێنن، لەبەر ئەوە دەبێت ئالآیەك بێت بۆ هەمووان بێت.
ڕێزگرتن و یان ڕەخنەگرتن و یان بە پیرۆز نەزانینن و خزمەت نەکردنی ئالآکە لەلایەن هەر گروپ و حیزب و ئەتنیکێکەوە سیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەلآت و بوونی ماف وەك یەکی بۆ هەمووان دەتوانیت ئالآ و سرودەکانی وەربگیرێت یان ڕەت بکرێتەوە. ئەگەر ئەو کارە جێبەجێ نەکرێت لە پرۆسەی دەسەلآتداریدا ئەوا بێ گومان سیستەم و ئالآکەشی دەدرێتە دواوە و دەکەونە بەر ڕەخنە

و تیر و توانج. واته بوونی ماف وەك یەك بۆ هەمووان لە هەرێمدا ئالاو سرود و دەسەڵاتیش پیرۆز دەكات.

***

لە بارەی حیزب و داهاتەكانیەوە كە لە خاڵی پێنجەمی لە بڕگەی هەژدەم لە ماددەی (١٩)دا هاتووە {حیزب دەبێ داهات و سەرچاوەكەی و چۆنیەتی بەكارهێنانی بۆ دەسەڵاتی یاسایی تایبەتمەند ئاشكرا بكات} حیزب هۆیەكە بۆبە دەسەڵات گەشتن، نەك حیزب سەرچاوەی دەسەڵات بێت و یان دەسەڵات خۆی بێت. لەو ڕێگەیەوە بتوانێت قۆرغی سەرمایە و سەرچاوەی ئابووری و دارایی و خەزێنەی دەوڵەت بكات. هەروەها حیزب دەبێت داهات و سەرچاوە ئابووریەكەی لە ڕێگەی ئابوونەی ئەندامەكانیەوە بە دەست بهێنێت. نەوەكو ببێتە هۆی ئەوەی كە لە دەسەڵاتدا بوو، بەهۆی ئەو پایە و پلانەوە كە بەدەستی دەهێنێت بەشێك لە داهاتی و خەزینەی هەرێم بدات، بە ئەندامانی و سەرچاوەی سەرمایەی حیزبی پێ دروست بكات.
دەبێت حیزب كە ئەندامانی یان لایەنگرانی لە دەسەڵاتدا بەشداری پێ دەكات، بۆ ئەوە بێت كە بتوانێت خزمەت بە كۆمەڵگا بكات و پەیڕەوی سیستەمێك بكات كە تیایدا خۆش گوزەرانی بەرهەم بهێنێت بۆ كۆمەڵگا. هەروەها دەبێت ئەو ئەندامانەی كەلە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا بەشدار دەبن، گوێڕایەڵی حیزبیان نەبێت و لایەنگری لە هیچ هەڵسووكەوتێكی ئەو حیزبە نەكات، كەمایەی خراپ بوونی ڕەوشی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا بێت. هەروەها بە تەواوی خۆی لە دڵبەندی حیزبایەتی و ئەندامێتی لابەرێت و لەگەڵ ئامانجی بەردەوام و دوور مەودای خزمەت كردندا بێت.
نابێت حیزب بۆ ئەوە پێك بێت، بوودجە لە خەزێنەی حكومەت وەربگرێت، چونكە سەرمایە و دارایی دەوڵەت پەیوەندی بە هەموو ئەندامانی كۆمەڵەوە هەیە و بۆ ئەوان دەبێت. چونكە هەندێك لە ئەندامانی كۆمەڵگا ئەندامی یان لایەنگری هیچ حیزبێك نین و لە دەرەوەی هەموویاندا لە پرۆسیس كردنی ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی خۆیاندان و هەست بە بەرپرسیارێتی دەكەن و لە پێناو ئامانجی خزمەت كردنی كۆمەڵگادا لە كاروچالاكیدان. ئەگەر هەر بوودجەیەك بۆ هەر حیزبێك دابنرێت، غەدركردنە و خواردنی ماف و بەشی ئەو ئەندامانەی كۆمەڵگایە كە هیچ مەیل و لایەنگرییەكیان بۆ هیچ حیزبێك نییە. ئەمەش ئەگەر بوودجە و دەسەڵات هی هەمووان بێت. ئەبێت هەر بۆ هەمووان بێت چونكە هەموو تاكێكی كۆمەڵ پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەیە بە هەموو لایەنەكانی ژیان و دەسەڵاتەوە.

***

((سەرۆکی هەرێم لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا))

لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق ی (٢٠٠٩ ز)دا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سەرۆك و جێبەجێکاریەکانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەی ڕەها و بێئەملاولایە بەسەر هەموو سەرچاوەکان و لایەنەکانی دەسەڵات و ژیانی ئاسایی و تایبەتی کەسان کۆوە. هەر لە یاسادانانەوە بیگرە تا دەڕوات بۆ دەسکاری کردنی ڕەووتی ژیانی تایبەتی و سیاسی ئەندامانی کۆمەڵگاوە. لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان فرمان دەربێت بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار و سەرچاوەی ئاڕاستەی جووڵە و بزاوتی کارکردنی ئەوە بێت. کەچی لەم پرۆژە دەستوورییەدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن یاسادانەر و فرمان داریشە بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی ترەوە، بێجگە لەوەی کە دوانەیی لە یاسادانان لە پرۆژەکەدا بەرچاو دەکەوێت، هەر لەسەر پرۆسیس کردنی کاری یاسادانەری لە پەرلەماندا و هەروەها ژێر چەپۆکە بوونی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتایبەتیش بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکاری سەرۆکی هەرێم، ئەم جۆرەش لە حوکم ڕانی و دەسەڵات و ناوەڕۆکی جێبەجێکاری دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی سوود پەرستی و تاك ڕەوی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت و ئیمپراتۆر و حیزبەکانە بەسەر سەری کۆمەڵگاوە.

لەبەرئەوەی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا، دەسەڵات دوانەیی دەنوێنێت و دابەش دابەش کراوە بە نووسینی سەرباس و بڕگە و ماددەی بۆ دانراوە و یەك ئەوی تر بێ بەها دەکات و ئەتوانێت لە بناغەوە هەڵیوەشێنێتەوە بێجگە لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم. کە هەربەپێی بڕگە و ماددە یاساییەکانی بەشی سەرۆکی هەرێم، هەر یەکێکیان دەتوانێت بڕگە و ماددەیی پێش و پاشی خۆی (بە ژمارەیی) هەڵ بوەشێنێتەوە، لە بنەڕەتی نووسینی ئەم پرۆژەی دەستووری هەرێمە هەر وەکو پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ١٩٩٠.ز ی حیزبی بەعس، دەسەڵات بۆ سەرۆکە و بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی هەر بۆ سەرۆکە و هەر ئەو سەردار و سەرگەورەی دەسەڵاتە لەو پرۆژەی ئیمپراتۆریەتەدا. چونکە یان دەبێت بڕیار و یاسا لە دەسەڵاتی پەرلەماندا بێت یان دەبێت کۆماری بێت.

لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٠) لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق – ٢٠٠٩ز دا {سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی (پاسەوانی هەرێم)ە و لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتیی گەلی هەرێم دەکات و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدڕاڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکا} سەرۆکی هەرێم خاوەنی دەسەڵاتی سەربازی یە لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی هەرێمدا و هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەدەستەوەوەیە لە چوارچێوەی بەڕێوەبردن و ئابووری کۆمەڵگادا.

ئەو دوولایەنە گرنگە لە دەسەڵات و هەروەها دەسەڵاتی یاسادانانیش هەر هەمووی بەدەست سەرۆکی هەرێمەوەیە. ئەمەش کارێکی نەشیاوە لە پرۆسیس کردنی دەسەڵاتی پەرلەمانی و یان سیستمێك باس لە دادوەری کۆمەڵگا و ئازادی (بەمانای خۆیان) بکات.

دەسەڵاتی سەربازی دەسەڵاتێکی گرنگی هێز و توانا پیشاندانە کە ئەتوانرێت لە رێگەیەوە، پەتی راکێشانی براوە و دۆڕاو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و کۆلایەتی سنووری دەسەڵاتی هەرێم دیاری بکات. هەروەها هەر کاتێك ئۆپۆزسیۆن (ئەگەر هەبێت) دەکەوێتە ژێر رەحمی رمەکانی دەسەڵاتی سەربازی سەرۆکەوە.

ئەو مادده و برگە یاساییانەی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا هەن، هەموو دەست ئاوەڵاییەکی کردووە بۆ سەرۆك و لاستیکیانە دانراوە بۆ دەست کرانەوەی سەرۆك بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە و تاك رەوی دیکتاتۆریەتی خۆی پێ تاودەدات. هەر بەپێی ئەو مادده دەستوریانەی کەلە پرۆژەکەدا هەن و دۆزینەوەی پۆزش بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی بەرامبەر بەهێزی نەیاری سیستەمی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا. ئەم جۆرە لە دەسەڵات و پرۆسیس کردن و پرۆژە دەستووریەکەی، تەنها لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەعس دا لە عێراق و ئیمپراتۆرە کۆنەکاندا هەبوون.

لە ماددەی (٦١) لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا دەڵێت { سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رێگای دەنگدانی گشتی، نهێنی، راستەوخۆوە لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێ، بەو شێوەیەی کە یاسا دیاری دەکات} بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆکی هەرێم لە ماددەی (٦٠) دا هەیەتی. سەرۆکی هەرێم کە هەڵبژێردرا ئیتر بەها بۆ هەڵبژاردنی حیزب و لیستە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا ناهێڵێتەوە، لەو شوێنەی کە پێی دەووترێت پەلەمان. بێجگە لە بوونێکی کارتۆنی نەبێت، چونکە هەر سەرۆکە پێشنیاری یاسا و پلان و دەرکردنی مەرسووم دەکات.

لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەی کە زۆرترین شانسی هەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەندام یان سکرتێری حیزبە گەورەکانی کە بێسوودن بۆ کۆمەڵ. حیزبی بچووك و کەم ئەندام و کەسایەتی خاوەن بیروبڕواو بە ئەزموون و رۆشنبیر و خزمەتگوزاری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئەوانەی کە بێ لایەنن، کەمترین شانسی بەدەست هێنانی ئەو پۆستە یان هەیە. واتە هەر ئەوانیشن ئەتوانن زۆرایەتی لەناوپەرلەماندا بەدەست بهێنن. هەروەها ئەو زۆرایەتیەش بەپێی پەرەنسیپەکانی حیزبی لە وڵاتی ئێمەدا، ئەڵقە لە گوێ و چاو لە ژێری سکرتێرەکەیانن و دەست بە سنگەوە دەگرن بۆ هەموو ووتار و قسە و قسەلۆکێك کە سکرتێرەکەیان دەیکات و فرمانی حیزبی دەردەکات و ئەوەی دەیەوێت ئەوە دەکات و رەش دەکات بە سپی و بە پێچەوانەشەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیانەیە کە ئەو مادده دەستووریەی کە لە ماددەی (٦٢) ی پێك

دەهێنێت و دەڵێت {سەرۆکی هەرێم، یان جێگرەکەی لەسەر پۆستەکەی لادەبرێ ئەگەر دادگای دەستووری بە تاوانکاری دانا لە ئاکامی تۆمەتبار کردنیەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بە شکاندنی سوێندی دەستووری یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستوور، یان ئەنجامدانی خیانەتی گەورە.} ئەم ماددەیە لە ناو بەشی هەڵسووکەوتەکانی پەرلەماندایە و ناتوانێت جێکەوتەی یاسایی و دەستووری بکات و ببێتە لایەنێکی پۆزەتیڤی ماددەیەکی دەستووری لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا و لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردنیشدا، لەبەر ئەم هۆیەیە کە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥٠) کە دەڵێت {دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە لێپرسینەوە لە سەرۆك، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکەن و گفتوگۆ لەسەر لێپرسینەوەکە ناکرێ تا دوای هەشت رۆژ لە گەیشتنی داواکاریی لێپرسینەوە کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەگەر لێپرسینەوەکەش داوای متمانە سەندنەوەی لەسەرۆك ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزیرەکانی لێکەوتەوە، ئەو کاتە متمانە سەندنەوە لەسەرۆك وەزیران بە ڕەزامەندی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و لە وەزیر بە ڕەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەبێ.} ئەم بڕگە دەستووری یە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا، هیچ بەهایەکی نابێت بێجگە لەوەی کە ڕەش کردنەوەی چەند دێڕێکە لە ماددەی دەستووری لە پرۆژەکەداو ، ڕازاندنەوەیەتی و (بەناو) پیشاندانی ڕوویەکی شارەستانیانەی دەستوور و سیستەمی یاسادانان و جێبەجێ کردنە لە هەرێمدا، بەڵێ دەتوانرێت (١٠) دە ئەندام پەرلەمان ئەو داوایە پێشکەش بکەن بۆ لێپرسینەوە لەسەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام کاتێك زۆرینە لەگەڵ یان ئەندامانی ئەو حیزبەن کە سەرۆکیان هەڵبژاردووە و لە ناو پەرلەماندا دەبن ئەندامانی ترنا توانن ٣/٢ پێك بهێنن.

واتە ئەمەش فێڵێکی ڕوون و ئاشکرای ئەو ماددە دەستووری یانەیە. کەلە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا هەیە و چاوبەسی پێکردنیانە لە خەڵك و جەماوەر ئەگینا بۆ خیانەت کردن لە پێش و لە پاشی هەڵبژاردنی سەرۆك بۆ سەرۆکایەتی وەك یەك وایە. چونکە خیانەت کردن دەبێتە هۆیەکی گرنگ و ڕاستەوخۆ لە دواکەوتنی پرسێك لە کۆمەڵدا بۆ شوێنێك کە جاری وا هەیە بە نارەحەت یان هەر ناچێتەوە جێگەی ڕابردووی خۆشی. ئەمە بێجگە لەوەی کەلە ڕووی مێژووییە وە لە کات و شوێنیشدا ئەو ڕەووشە دواکەوتوویی و گەشەنەکردووی بەخۆیەوە دەبینێت و یان کاریگەری بۆ چەند جیلێك هەر وەك شوێنەواری بۆمبێکی ئەتۆمی کە چەند جیل بە پاشماوە و کاریگەریەکانی یەوە دەناڵێنێت. بەم پێیە ماددەی (٦٠) هەڵوەشێنەرەوەی بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٠) و مادەی (٦٢)ە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق – ٢٠٠٩ز هەموو ئەو ماددانەش بۆ پڕکردنەوە و زۆرکردنی ژمارەی ماددەکانی پرۆژەی دەستوورەکە بەکارهاتوون و نووسراونەتەوە.

فێڵێکی تری ماددەی (٦٤) لە کۆمەڵ ئەوەیە کە دەڵێت {ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوارساڵە، کە لە ڕۆژی سوێند خواردنی دەستووریەوە دەست پێدەکات، وە دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە، لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە}

ئەم ماددەیە دەست نیشانی چەند جاری ویلایەتی خۆ کاندیدکردنی نەکردووە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و دەتوانێت مانەوەی هەتاهەتایی یان درێژماوە ئەنجام بدات. چونکە خۆ کاندید کردن ئایا دووجارە یان زیاتر ئەبێت ئەمە تیایدا روون و ئاشکرا دەست نیشان بکرێت نەکراوە، ئەگینا دەنووسراو دەبووە ماددەیەك کە پۆزش هێنانەوە و ماوەی گۆڕین و ددانە دواوەی تیایدا بنەبڕدەکرا.

واتە زۆرترین ماددە دەستورییەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێم – ٢٠٠٩ز دوولایەنی و لاستیکیە و دەتوانرێت بە درێژی باس بکرێت و یان کورتیش بپڕێنرێتەوە. هەرلەبەر ئەوەیە کە بە هەموو لایەکدا با دەدرێت و کورت و درێژ دەکرێتەوە ئەمەش ئاسۆی ڕوون و گەشی گۆڕان بەهەربارێکدا بێت لەبەر چاوی کۆمەڵ وون و لێڵ دەکات. لەبەرئەوە دەبوایە ئەوو ماددە دەستووریە دەست نیشانی ڕوون و ئاشکرای چەند جاری خۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی بۆ وویلایەتەکانی سەرۆکایەتی بکردایە.

هەموو شتێك بوونی سەرۆکی هەرێم لە ماددەی (٦٥) پرۆژەی دەستووری هەرێمدا دەردەکەوێت کە دەڵێت {سەرۆکی هەرێم سەرەڕای هەر دەسەڵاتێك کە بە یاسا پێی بدرێ ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەشی پیادە دەکات... ( کە بیست و چوار بڕگەیە بۆ پرۆسیس کردنی جۆرەکانی دەسەڵات} لە هەموو ئەو بڕگانەدا سەرۆك هەموو شتێکە و دەتوانێت حوکمی بەڕوبەحر بکات و توانای داسەپاندن و جێبەجێ کردنیانی هەیە بەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵەوە. هەربۆیە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٥)دا هاتوو {یەکەم: پێشکەش کردنی پرۆژەی یاسا و بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان} ئەم بڕگەی ماددەیە خاڵی یەکەم لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٥٣) دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەتوانێت بە تەواوی دەسەڵاتی یاسادانان لەپەرلەمانیش وەربگرێتەوە. ئەم بڕگەیە وا نووسراوە {سێیەم:– ١. دانانی یاسا لە هەرێمی کوردستان، کە هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانیش دەگرێتەوە لە هەموو پرسێکدا، جگە لەو پرسانەی بە تەواوی دەکەونە نێو دەسەڵاتی یاسادانانی تایبەتی (حصری) دەسەڵاتەکانی فیدڕاڵی کە بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستووری فیدراڵی پێیان دراوە} هەر وەکو باسم کرد لە پێشتردا، چۆن بۆ ئەو مەبەستە ناتوانرێت (٣/٢) دەنگەکان لە ناوپەرلەماندا دەستەبەر بکرێت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دژ بە بڕیار و ئەرك و فرمان و پرۆژە یاساییەکانی سەرۆکی هەرێم. واتە لێرەدا بوونی پەرلەمان بوونێکی شکڵی یە و ئەکتیڤانە و یاسادانەرانە نیە و بەپێی بڕگەکانی ماددەی (٦٥) بێت دەوڵەت و یاسادانان و بەڕێوەبردن و جێبەجێکاری فرمان و یاسادانەری هەر سەرۆك خۆی دەبێت واتە نووسین و

سیناریۆ و دەرهێنانی و نواندنی سەرۆك هەر خۆی دەبێت. ئەم شانۆیەش شانۆیەکی سەیر و سەمەرە و بێ هەست دەبێت. چونکە هیچ کەس تیایدا بەشدار نابێت لە هەموو ڕەنگ و جنسەکان.
جارێکی تریش بڕگەی دووەم لە ماددەی (٦٥) بەم شێوەیە دەئاخافێت {دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایاندەنێ. لە ماوەی پازدە ڕۆژ لەوەرگرتنیانەوە، بۆشی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێکیان دەربڕێ و بیان نێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاو پێداخشاندنەوەیان، و دواتر بڕیاری پەلەمان لەبارەیانەوە بنبڕ دەبێ، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا یاسا و بڕیارەکانی دەرنەکرد، بێ ئەوەی ناڕەزاییان لەسەر دەربڕێ، ئەوا بە دەرچوو دەژمێدرێن و سەرۆکایەتی پەرلەمان بلاو کردنەوە یان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا لە ئەستۆ دەگرێت}
ئەم بڕگەیە لەم مادده دەستووریەی پرۆژەی دەستووری هەرێم، هەمان ناوەڕۆك و ئامانجی بێ بەهاکردنی سیستەمی پەرلەمانی و هێزی یاسادانەریانەی پەرلەمانی هەیە لە هەرێمدا و دەرکردنی هەر یاسا و ڕێسایەك بەپێی ئەو بڕگەیە هیچ هێز و گرەنتیەکی نابێت چونکە سەرۆك بەسەرسەریەوەیە و بێ گومانیش هەموو یاسایەك کە بڕیاری لەسەر دەدات بۆ خزمەت کردنی دەسەلات و دەووروبەرێکی کەمی خۆیەتی. لەبەرئەوەی هەر یاسایەك کە دەردەچێت وهەر بڕیارێك بدرێت، هەتا سەرۆکی هەرێم ڕەزامەندی لەسەر نەدات ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت و هێزی یاسایی هەبێت و بە فەرمی بلاوبکرێتەوە. بەم پێیە هەر بڕیارێك سوود و قازانجی سەرۆك و دەسەلاتەکەی تێدا نەبێت زۆر بە ئاسانی ئەتوانێت بیداتە دواوە و هەڵبوەشێنێتەوە لێرەدا بەهای بوونی پەرلەمان دەبێت بە نەبوون و سفر.
بۆ بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٦٥) {سێیەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان، لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی یان تەواو بوون خولەکەیدا، ئەمەش بەپێی ماددەی (٥٧)ی ئەم دەستوورە} ئەم بڕگەیە خۆی ئەسەپێنێت بەسەر هێز و توانای ماددەی (٥٧)دا. کە دەڵێت {ئەگەر پەرلەمان هەڵوەشایەوە یان خولی هەڵبژاردنی تەواو بو، مەرسومێك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و دیاری کردنی ڕۆژی ئەنجامدانی لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە هەڵوەشاندنەوەیدا. یان بەلای کەمی، نەوەد ڕۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بە مەرجێك ئەنجامدانی کاتی هەڵبژاردن لە نەوەد ڕۆژ دوای هەڵوەشاندنەوەی تێپەڕنەکات، یان دەبێ لە ماوەی نەوەد ڕۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بێت} لە دەسەلاتی یاسادانان‌دا (پەرلەمان) لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا ماوەی پانزە (١٥) ڕۆژی دیاری کردووە بۆ ئەوەی بڕیار بدات لەسەر ئەنجام دانی هەڵبژاردن، کە بەلایەنی کەمەوە لە (٩٠) ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێك دانراوە کە لە (٩٠) ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوە تێپەڕ نەکات، واتە ئەوەی لێرەدا ڕەچاو دەکرێت ئەوەیە کە دەسەلاتی سەرۆك زاڵ ئەکرێت، یان بڕیاردەری یەکەم و کۆتایی دەبێت بەسەر هەموو بار و زرووف و هەلومەرجە تایبەتیەیە کانەوە، ئەگەر پەرلەمان ئەمەی لە دەستووردا دیاری

جارێکی تر هەر لە بڕگەکانی ماددەی(٦٥) بە بڕگەی چوارەم دا وادەڵێت {دەرکردنی مەرسومێك بۆ بانگهێشت کردنی پەرلەمان بۆیەکەم دانیشتن ی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردنی لە ماوەی پازدە ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی دوائەنجامەکانی هەڵبژاردندا، ئەگەر بانگهێشت کردنەکەشی نەکرد، پەرلەمان ڕۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە سەربەخۆ کۆدەبێتەوە} هەم دیسان ئەم بڕگەیەش ئەو دەرەنجامە دەردەخات، کە بانگ کردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوەیان دوای پازدە ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی دوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبێت سەرۆك بیکات. هەرچۆن هەموو ئەو ماددانە دانراون و نووسراوون، دەتوانرا و دەبێت پەرلەمان خۆشی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت و لە بڕگە و ماددە دەستووریەکاندا جێگە و ڕێگەی تەواو و جێبەجێکاریان پێبدات، واتە ماددەیەکی تایبەت بە پەرلەمان دابنرایە لە پرۆژەی دەستووردا کە دوای پازدە ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەرلەمان خۆیان کۆبوونەوەیان بکردایە، بۆ ئەبێت؟! لە کۆبوونەوەی یەکەم و سەرەتایی پەرلەمان هەر ئەبێت سەرۆك بانگێشتیان بکات و بڕیار بدات. ئەمە بێجگە لەوەی کە پیشاندەری دەسەڵاتی یەکەم و کۆتایی دیکتاتۆریانەی سەرۆك نەبێت هیچی تری تیادا سەوز نابێت.

لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی (٦٥)دا وای دەربڕیووە {دەرکردنی مەرسومێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، لەو حاڵەتانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون.} ئەمەش دەست نیشانی هەمان ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی سەرۆك دەکات کە بڕیار بەسەر هەموو لایەنەکانی جێبەجێکاری و یاسادانان و جووڵە و بزاوتنیان دەدات و ئەو دەست نیشانی دەکات و هەڵوەشاندنەوەشی هەربەدەست ئەوە.

بۆ هەموو ئەمانە ئەتوانرا ماددەیەکی یاسایی و دەستووری پتە و سەپێنەر لە پرۆژە دەستووریەکەدا هەبووایە و هەموو ئەو ماددانەش و جێبەجێ کردنیان بەدەست یاسا و ڕێساکانی پەرلەمانەوە بووایە، وە سەرۆك ئەو دەسەڵاتە سۆپەرمانیانەی نەدرایە و هەرقلی

هەروەها لە بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٦٥)دا بەم شێوەیە بەیانی دەسەڵاتی سەرۆك دەكات {دەركردنی مەرسومێك بۆ لەسەر كار لابردنی وەزیر، لەسەر پێشنیازی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران} ئەمەش تەواو پێچەوانەی دەسەڵات و مافی پەرلەمانە بۆ دەركردن و جێبەجێ كردنی یاسا و ماددە دەستووریەكان. پاش توێژینەوە و لێكدانەوەی هەموو لایەنەكانی بۆ لەسەر كار لابردنی وەزیرێك. هەروەها دەست وەردان لە هەموو كاروبارێك و خۆسەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر پەرلەمانیش و ئەنجوومەنی وەزیراندا. لەلایەكی تریشەوە پێچەوانەی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (٥٣)یەكە دەڵێت {متمانەدان بە وەزارەت و ئەندامەكانی یان لێوەرگرتنەوەیان. متمانە وەرگرتنەوەش لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی (٣/٢) دوو لەسەر سێ ی ئەندامانی پەرلەمان و لە وەزیریش بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان دەبێت}. كاتێك پەرلەمان دەتوانێت متمانە بدات بە وەزارەت و ئەندامەكانی یان لێوەرگرتنەوەی متمانەیان و هەروەها متمانە وەرگرتنەوەش لەسەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ی ئەندامانی پەرلەمان. ئەگەر ئەم بڕگەیە كارا دەكرێت ئیتر بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٦٥) بۆ دەبێت لە بڕیارەكانی سەرۆكدا هەبێت! بەم پێیە بێت بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٦٥) دەبێتە هۆی لە كارخستنی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (٥٣) یان بە تەواوی دژییان دەوەستێتەوە و جاریكی تر دەبێتەوە بە مۆتەكەی سەرسەری دەسەڵاتی پەرلەمان و یاسا و ڕێساكانی. ئەم پرۆژەیە ئەوەندەی ماددە یاسایی دژ بەیەكی تێدایە ئەوەندە ڕێكخەرێكی ماددە دەستوریەكان نییە. دەستورێك نیە بۆ هەمووان بەڵكو پرۆژەیەكە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریانەی سەرۆك. هەروەها لەلایەكی تریشەوە سەپاندنی دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمە دووبارە و دە بارەش بەسەر لایەنەكانی دەوڵەت و حكومەت. ئەم ماددە و بڕگە دەستووریانەی پرۆژەی دەستووری هەرێم. هەمان بڕواو وماددە و بڕگە دەستووریەكانی حكومەتی بەعسە، كە لە پرۆژەی دەستووری كۆماری عێراق ساڵی ١٩٩٠.ز دا دایڕشتبوو سەپاند بووشی بەسەر كۆمەڵی عێراقدا، هەموو بڕیارێك بەدەست سەرۆكی ئەنجوومەن شۆڕشەوە بوو، ئەوكات صدام حسین خۆی پلەدارترین و بەهێزترین دەسەڵاتی هەبوو لە ئەنجوومەنەدا. بەپێ ی پرۆژەی دەستوورەكەیان سەرۆكی ئەنجوومەنی شۆڕش لە حیزبی بەعس دەبوو بەسەرۆك كۆماری عێراق وهەموو كاروكردەوەو یاسایەك و فرمان كردن وجێبەجێ كردنیان بەسەر كۆمەڵدا، هەروەها هەمووئەندامانی ناو حیزب و دەسەڵات و حكومەتەكەشی وكادرەكانی دەردەكرد و دایدەمەزراندن هەرچۆنێك پێ ی خۆش بووایە ئاوا جێبەجێ ی دەكرد. لەبەر ئەوەی خۆی یاسا دانەرو دەستوور نووس ودادوەرو..... هەموو شتێك بوو لەپۆست و دەسەڵاتدا. لەبەرئەوەی هەموو بڕیار ویاسایەك لەلای ئەوەوە دەردەچوو.

****

بڕگەی هەشتەم لەمادەی (٦٥)دا هاتووە (جاڕدانی باری نا ئاسایی، پاش ڕاوێژکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە حاڵەتی شەڕ، داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بڵاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حاڵەتێکی لەناکاوی دیکەدا، بەمەرجێك ماوەکە لەمانگێك پتر نەبێ و درێژ کردنەوەی دواتریش بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان و بۆماوەیەك دەبێت کە بۆ هەر درێژ کردنەوەیەك، لەسێ مانگ تێنەپەڕێ. حوکمەکانی حاڵەتی نائاسایش بەیاسایەك ڕێکدەخرێن} سەرۆکایەتی هەرێم ئەتوانێت ئەم بڕگەیە بەشێوەو جۆری تر بەکاربهێنێت بۆ زۆر ڕووی پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە وویست و خواست و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی و دژ بەهەموو لایەك پرۆسیس بکات. چونکە، یاخیبوون، چ مانایەك دەگەیەنێت لەم بڕگە یاساییەدا. چۆن چۆنایی شرۆڤە دەکرێت و لەپێناوی چیدا ڕاڤە دەکرێت و هەموو ئەو شتانەی لەو بڕگەدا هەیە دەبێ زیاتر ڕوون و ئاشکرا بکرێن و دەست نیشانی هەموو لایەنەکانی و یاخیبوون لە چ شتێك ڕوودەدات، ڕوون بکرێتەوە. چونکە دەتوانێت بەپێی ئەم بڕگەیە جۆرێك یان هەموو جۆرەکانی ئۆپۆزسیوونی دەسەڵات بەیاخیبوون ناوزەند بکات و بتوانێت لەڕێگەی جێکەوتەبوونی ئەم بڕگەیە لەدەستووردا و بەمادده قانوونیەکەی هێرشی ڕاستەوخۆی بکاتە سەریان و ڕووبەڕووی دادگای دەستووریان بکاتەوەو، سەرکوتی تەواوەتی یان بکات بە دادگا. بەم شێوەیە دەتوانێت هەموو ئەو هێزانەی کە کار بۆ خۆش گوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادی دەکەن. بیان داتە دادگاو لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و بەتاوانی گەورەو خیانەتی گەورەی نیشتمانی سزایان بدات. هەر لەبەرئەوەی کە سەرۆك خۆی فەرماندراری هێزی پێشمەرگە(زێرەڤان)ەو هێزە چەکدارەکانی ترە و هەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو هێزانە لە چاو سوورکردنەوە یان لە جەماوە رو هێزە نەیارەکانی تر، ئەو بەکار هێنانەی هێزە چەکدارەکان بەرامبەر بە هێزە نەیارەکانی ناوخۆ و دەست کراوەیی لە بەکارهێنانیدا وا لە سەرك دەکات کە هەر تاوانێك ئەنجام بدات لیکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکرێت و بە تاوان باری جەنگی ناوخۆش حساب و لیکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەگینا دەبوایە پرۆژەی دەستووری هەرێم- کوردستان – عێراق – (٢٠٠٩ز) روونتر ئاخاوتنی لەسەر یاخی بوون و جۆرەکانیشی دەست نیشان بکردایە. لەبەرئەوەی ئەو بڕگەیە لە ماددەی (٦٥) بەهێزێکی یاسای لەدوایدا بەکارنەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر لایەنە جیاوازەکانی تری دەرەوەی دەسەڵات کە بوونی مەرج و پێویستی مێژوویی یە لە هەر کۆمەڵگایەکدا.

لەلایەکی ترەوە ئاژاوە دەبێت چی واتایەك بگەیەنێت؟! و لە دەرگای کام بزووتنەوە و داخوازی یە ڕۆژانەیەکانی کام چین و توێژی کۆمەڵ بدات. داخوازی یە ڕۆژانەییەکانی چینی کرێکار و

توێژگەلەکانی تری ناو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی عێراق، و یان داخوازی یە ڕۆژانەکانی ڕێکخراو گروپە کۆمەلأیەتی چینایەتیەکانن لە هەرێمدا. وە دەتوانێت بەو مادده دەستووریە ڕێگە لە هەموویان بگرێت و تۆمەت و تانوتی گەورەش لە هەموو هێزە کۆمەلأیەتیەکان بدات. بەو هۆیەوە لەلایەکی ترەوە دەتوانێت خۆی لە هەموو بەکارهێنانێکی خراپی دەسەلأت و ناعەدالەتی و بێ ماف ڕاگرتنی خەڵك و کۆمەڵ دوور بگرێت.

هەر چۆن لە جاراندا هەر توێژێك داخوازی و ناڕەزایەتی بەرز بکردایەتەوە و بە ڕووی ژیانی خراپی ئابووری و سیاسی و کۆمەلأیەتی، بەتابووری پێنج ناو زەندی یان دەکرد و بەرگێکی دوژمن کارانەیان دەکردە بەرهەموو داخوازی و جوولانەوەیەك کە بە ئاڕاستەی جیاواز و دژیان بوایە. بەمەش خۆیان لە وەلأمدانەوەی داخوازی یەکانیان دوور دەخستەوە و خەڵکیان دەکرد بە دووبەشەوە هەندێك لە خەڵکانی سادە و ساکاریان دەکرد بە گژیاندا و خۆشیان وەك بەرسەکی بانان بۆی دەردەچوون و دەسەلأتیشیان باقی دەبوو.

هەربۆیە هەر بڕیار و یاسایەك و جێبەجێ کردنی دەبێت بۆ ڕاستی بڕیاردان و دەست نیشان کردنی هەموو حاڵ و ڕەووشە جیاوازەکان، دەبوایە ئەنجومەنێك دروست بکرایە لە هەموو ئەو پسپۆڕ و لایەنانەی کە دەتوانن بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ کارو چالاکی ئەنجام بدەن و تێڕوانینی دوور و گرنگیان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ لە بیروهۆشدا هەبێت و لایەنی چاك و خراپی هەموو ڕەووشەکان بەبێ لایەنانە لەبەر چاو یان ڕوون و ئاشکرا بکردایە و، هۆی دەنگ هەڵبڕینی هەموو هێزەکان و توێژ و چینەکانیان بەڕووی دەسەلأتدا بخستایەتە ڕوو.

دەبێت جارێکی تریش لەسەر هۆی جاردانی باری نائاسایی ڕوون و ئاشکرا بکرایە ولایەنە چاك و خراپەکانی شرۆڤە بکرایە و بخرێنە بەرچاووی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ. بە بڕوای من دەبێت ئەو ئەنجومەنە سەربەخۆبن لەهەموو دەسەلأتێکی حیزبی و ئەندامی هیچ گروپ و حیزبێك نەبێت و تەنها ڕەچاووی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و کۆمەڵی هەرێمی کوردستانی – عێراق بکات، و لایەنی بەرژەوەندی کۆمەڵ و لەبەرچاو بگرێت لە پێش هەموو شتێکی تری کۆمەڵگاوە.

لە هەر ڕەوشێکدا کە لە ژیانی کۆمەڵی کوردیدا دێتە پێشەوە تەرەف داری هیچ لایەنێکی نەبێت و بەلای هیچ لایەکدا لا نەدات. بە بڕوای من ئەبێت ئەو ئەنجومەنە لە چەندین کەسی پسپۆڕ لەلایەنی فکری و سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و یاسایی و ستراتیژی کۆمەڵگا پێك بێت و لەگەڵ ئەنجوومەنی سەربازی کە لە پێشدا باسمان کرد بەبێ لایەنی بڕیار لەسەر باری نائاسایی بدات پاش ڕوون کردنەوەیەکی بابەتیانە و باش هەڵسەنگاندنی لایەنی چونە پێشەوەی باری خراپی و چاکی ڕەوشەکە بێت. بەرژەوەندی کۆمەڵگای بەشێوەیەکی گشتی تیایدا لەبەرچاو بگیرێت.

***

بڕگەی دەیەم لەماددەی (٦٥) { پەسەندکردنی حوکمی ئیعدام یان سوککردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی} هێزی ئەم بڕگەیە بە دەست سەرۆکەوە هێزی بەتاڵ کردنەوەی بڕیاری دادگایەو دەست وەردانە لەسەر مادده یاساییەکانی دادوەری، لە کاتێکدا دەتوانرێت بەم ماددەیە و بڕگەکەی چەندین کەس لە نزیکان و دۆستان و احبابیان و یان ئەندامێکی حیزب و بنەماڵەکەیان لەتاوانێك ڕزگار بکەن و سزایان نەدەن و و هەتا تۆمەت و تاوانەکەیان بەسەریاندا ساغیش بوبێتەوە چونکە بڕیاری دادگا دەبێت دوای ساغ بوونەوەی تاوان و بەڵگەی پێویست بۆ تاوانبارکردن لە ئەنجام دەرانی تاوانەکەدا بووەتە ماددەیەکی سزادەر بە سەریاندا و لێپێچینەوە و وەرگرتنی مافی خۆی لە بەرامبەر جێبەجێکردنی تاوانەکەیدا.

هەر لەبەر ئەوەیە ئەم لایەنەش لە دەسەلاتی سەرۆك سەربەخۆی لە دادگادا ناهێڵێت و بەکاردەهێنرێت بەزۆرترین شێوە و بار، چونکە هەر وەکو باسم کرد ماددەی یاسایی کورت و درێژ دەکرێت، لەبەرئەوەی زۆرترین بڕگەی ماددەکان و ماددەکانیش گۆڕەپانێکی گەورەن بۆ یاری کردنی یاسای لە دادگاکاندا. ئەگەر بە ماددەیەکی قانوونی بڕەروو بێ پۆزش و بێ جووڵەکردن وبێ دەستکاری کردن دانەنرێت.

من لەگەڵ بڕگەی ئیعدام دانیم و دەبێت لابرێت چونکە لەزۆرترین وولاتانی جیهاندا لابراوە و مرۆڤ هەر تاوانێك بکات لەبەرئەوەی هۆی هەیە ناخرێتە شایستەی ئیعدام کردنەوە

بەپێی بڕگەی یازدەم لە ماددەی (٦٥) {بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لە کاتی پێویستدا بۆ باسکردنی هەندێ پرسی دیاری کراو کە کۆبوونەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێ، هەر بۆ خۆشی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکا} بەم بڕگەیەبێت سەرۆکی هەرێم لە سەرپەرشتی کردن و کۆبوونەوە پێکردن و سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانیش دا ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەگرێتەوە، ئەمەش دەسەلاتی ڕەهای سەرۆکایەتیە بەسەر هەموو لایەنەکانی دەوڵەت و حکومەت و کۆمەڵ و هەموو دام و دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردنیشەوە، ئەم دەسەلاتەش لە قامووسی سیاسیدا پێی دەڵێن دەسەلاتی تاك ڕەوانەی دیکتاتۆریانە. هەموو ئەم بڕگانەی کە دەست نیشانی دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم دەکات، بە بڕگە و ماددەی جیاواز لە پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق سالی ١٩٩٠ز دا هەیە پرۆسیس دەکرا لەلایەن سەرۆکی ئەو کاتەی عێراقەوە، دەسەلاتی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاك ی گرتبووە، لە دواتریشدا دێمە سەر دەسەلاتی دادوەری.

لەلایەکی ترەوە لە بڕگەی چواردەمەوە تا بڕگەی بیست و چوارەم لە ماددەی (٦٥). دیاری کردنی ئەو هەموو دەسەلاتەیە بەسەر وەزیرەکان و دەستەی دادوەری و ئەندامانی داواکاری گشتی و دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان و هەروەها بەخشینی پلەی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردن و خانەنیشن کردنیان و بەخشینی میدالیاکان. بەپێی ئەو مەرسوومەی کە سەرۆکی

هەرێم دەری دەکات. هەموو ئەوشتانە هیچ نییە بێجگە لە دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی کۆن نەبێت لەسەردەمێکی گرنگی مرۆڤایەتیدا. بەڕاستی ئەگەر سەرۆك ئەم هەموو دەسەڵاتەی هەیە! ئیتر دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر چ بناغەیەك دەبێت؟! و بۆچی! دەبێت دوو ناوی سەرۆك و لایەنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا بە تەنها سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی ڕەها بێت و ئەو تەنها بڕیار دەربێت. یان دەبێت سەرۆکایەتی هەبێت و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نەبێت، یان دەبێت کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەبوو سەرۆکایەتی نەبێت. ئەگەر هەر نموونەیەك بهێنرێتەوە لەسەر وڵاتان، ئەوا سەرۆکایەتی تەنها دەسەڵاتێکی ڕەمزی و شێوەیی هەیە دەسەڵات و بڕیار لە دەست پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە. یان هەر سەرۆکایەتی هەیە و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نیە.

لە بڕگەی چوارەمی ماددەی (٧٠) دا { سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجوومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم دەکات و داوای پەسەندکردنی دەکات} کاتێك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەش دەکات. دەبێت سەرۆکی هەرێم ڕەزامەندبیت بۆ دامەزراندنیان.

واتە سەپاندنی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە بەسەر لایەنێکی تری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن. ئەم بڕوادان و دەست نیشان کردنانە و پێدانی پلەوپایەی وەزیری دەتوانرا بە ماددەیەکی دەستووری و یاسایی و لە ژێر سەرپەرشتی پەرلەماندا بڕیاری لەسەر بدرێت و جێبەجێ بکرێت لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە. هەروەها دەتوانرێت لە دەستووردا ماددەیەکی یاسایی دابنرێت بۆ هەر ئەرك و فرمانێك کە لەلایەنەکانی ناو بەڕێوەبردنی دەسەڵات دەیبات بەڕێوە و، جێگیر بکرێت و دەسەڵاتی یاسایی خۆی بیسەپێنێت، لە ڕێگای پەرلەمان یان لە ڕێگایی دەسەڵاتی دادگای دەستووریەوە. ئەو بیروبڕوایەی ئەوان، دانەرانی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق – ٢٠٠٩ ز) بێجگە لەوەی بیروبڕوایەکی بەعسیانەیە و سەرچاوەکەی لە پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق – (١٩٩٠ز)ەوە وەرگرتووە، هیچی تریان تیادا بەدی ناکرێت. هەروەها بۆ بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (٧٤)دا دەڵێت {(یەکەم، جێبەجێکردنی یاسا و بڕیار و مەڕسووم و پێڕەوەکان و پارێزگاریکردن لە ئاسایشی کوردستان – عێراق و سامانی گشتی.

دووەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی هەرێم بە بەشداری سەرۆکی هەرێم و جێبەجێکردنی، دوای پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە} بۆ ئەم دوو بڕگەیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی وەزیران لە پێشتردا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە و دەسەڵاتەکانیەوە و هەروەها لە بڕگە و ماددەی دەستوری ناو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق – ٢٠٠٩ز) هەر هەمووی چز کراوە و توانا و دەسەڵاتەکەی پەیوەستە بە بڕیار و ڕەزامەند بوونی سەرۆکی هەرێمەوە. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە دەسەڵات هەر بۆ سەرۆکە و ئەوانەی تر هەر هەموویان

دەسەلاَتێکی کارتۆنی یە و بێ گیان و بێ کاریگەرە. ئەم دوو بڕگەیە و چەندان بڕگەی تریش، بەشی دەسەلاَتی ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕازاندنەووەتەوە، وەك گوڵێکی لاستیکی بێ هەست و بێ بۆن.

****

بە بڕوای من ئەگەر باس لە عەدالەتی کۆمەلاَیەتی و یەکسانی دەکرێت دەبێت مووچە و دەرماڵەی سەرۆکیش وەك هەموو ئەندامێك وابێت کە لە ناو دام و دەزگاکاندا فرمان و ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، چونکە سەرۆك و هەموو ئەندامانی ناو کۆمەڵ بەیەکەوە ئەتوانن کۆمەڵگا یان چوارچێوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاَیەتی پێك بهێنن. هەر هەموو وەك ئەرك و فرمانی سەرشانی لە جێبەجێ کردنیاندا دەبێتە بەشێك لە ڕاپەڕاندنی پێویستیەکانی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی کاروفرمانی ناو ئەو کۆمەڵە. واتە ئەگەر کارمەندانی شارەوانیەکان نەبێت ئەوا وولاَتی سەرۆك بەزبڵ و خۆڵ وپیسی دادەپۆشرێت. ئەگەر جووڵە و بزاوتنی هێزی کاری کرێکاران و فرمانبەران نەبێت، ئەگەر کارکردن و جێبەجێکردنی کاری کارمەندانی دام و دەزگاکانی تری بەڕێوەبردنی ناو چوارچێوەیەکی سیاسی و بەڕێوەبردنی دادگا و دادوەری و سەرپەرشتیاری دادی و داواکاری گشتی و هەموو لایەنەکانی بەڕێوەبردنی ژیان نەبێت. ئەوا بەشێك لە کارەکانی ناوکۆمەڵ نووزە ناکات و لە زیندە چالاکی کۆمەڵ و جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنیدا ڕادەوەستێت ئەمە بەشێوەیەکی گشتی. بەلاَم ئەگەر بچینە سەر وورردەکاریەکانی ئەوا دەبێت باس و خواست لەسەر هەموو تاکێکی جێبەجێ کاری ناو کۆمەڵ بکەیت، کە کۆمەڵ و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ناونیشانی دەوڵەت لە جێبەجێ کردنی بەشە جیاجیاکانی و زیندە چالاکیەکانیاوە دەست نیشان دەکرێت، واتە ئەگەر هەموو ئەو تاکە جیاوازانە لە کارکردن و فرمان جێبەجێ کردندا نەبێت سەرۆك ناتوانێت ناونیشان بێت بۆ سەرۆکی دەوڵەت یان هەرێمێك، بەم پێیە چوارچێوەی دەوڵەت بریتیە لە هەموو ئەو زیندە چالاکی یە جۆراوجۆرانەی ئەندامانی کۆمەڵ. کەلەبەڕێوەبردنی هەموو لایەنە جیاجیاکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵدا بەشدار دەبێت.
لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرۆك بە تەنها هەموو شتێك بێت ئەوا تەنها سەرۆك سەرۆکی خۆیەتی و بەس. ئەگەر بڕیارە هەموو ئەو پەیوەندییە جیاجیایانە پێکەوە گرێدراوبن لە بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردندا، ئەوا دەبێت سەرۆکیش هەمان مووچە و دەرماڵەی وەك هەر یەکێك لە مووچە و دەرماڵەی ئەندامانی کۆمەڵ بێت، هەروەها بۆ جێگرەکەشی هەروەهایە، واتە لێرەوە سەرۆك دەتوانێت دادپەروەری و عەدالەتی کۆمەلاَیەتی و یەکسانی بەرقەرار بکات لەناو کۆمەڵدا. ئەگیان

بێجگە لەوە هەر هەمووی دەبێتە بەش خواردنی یەك بە یەکی ئەندامانی کۆمەڵ و هەروەها سەرچاوەشە بۆ زوولم و زۆر و نا عەدالەتی و نایەکسانی لەگەڵ کۆمەڵدا.
لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم ماددەی (٦٦) کە دەڵێت {مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی بە یاسا دیاری دەکرێت} ئەم ماددەیە نا عەدالەتی و نایەکسانی بەرقەرار دەکات و هەروەها کەسیش نازانێت ئەو مووچە و دەرماڵەیە چەندە و بەچی پێوەرێك دەست نیشان دەکرێت و ئەو یاسایە چۆن چۆنایی ڕێکی دەخات؟! هەروەها خانەنیشنیشی بابەتێکی ترە کە نابێت خانەنشینی بەپێی مووچەی سەرۆکایەتی بکرێت. بەڵکو دەبێت بۆ هەموو کەس بەپێی پێویستی ڕۆژانەی ئەندامانی خێزانەکەی بکرێت و بۆ هەمووکەسیش هەر ئەو پەیڕەوە بەکاربهێنرێت، ئەگینا لە دواتردا هەموو بودجەی دەوڵەت بەشی خانەنشینیەکانیان ناکات (ئەمە تەنها بۆ سەرۆکەکان)ئەو دانانەش بەپێی پێویستی خێزانەکانیان بەپێی ژیانێکی شیاوی سەردەمیانەی دەست ڕاگەیشتنیان بە هەموو بە دەست هاتووەکانی مرۆڤایەتی، دەتوانێت یەکسانی لە نێوان هەموو کەسدا بەرقەرار بکات.
هەروەها بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگیرەکەی و وەزیرەکان لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٦) دادەڵێت {یاسا مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگیرەکەی و وەزیرەکان دیار دەکات} ئەم بڕگەیەش هەمان بڕوای پێشوومان لەسەری هەیە کە بۆ دیاری کردنی مووچە و دەرماڵەکانیان و ئیمتیازەکەش هەمان ناوەڕۆکی یاسایی هەیە کە بۆ سەرۆك هەبووە ئەوانیش دەبێت ژیانیان و مووچە و دەرماڵە و ئیمتیاز و خانەنشینیان هەر هەمان مووچە و دەرماڵە و ئیمتیاز و خانەنشین بێت کە ئەندامانی کۆمەڵ دەیبێت بەپێی پێویستی بۆ ژیانێکی شیاوی سەردەمیانە.
لە ماددەی (٦٨) دا لە بڕگەی یەکەمیدا { لە حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم، یان مردنی، یان پەککەوتنی بەجۆرێك کە نەتوانێ ئەرکەکانی سەرۆکایەتی ئەنجام بدا جێنشینێکی لەماوەی شەست ڕۆژدا بۆ هەڵدەبژێردرێ بۆ ماوەی چوار ساڵ بەپێی ماددەی (٦٤) ی ئەم دەستوورە} لەم بڕگەیەدا ئەوە دەبینرێت کە لەکاتی پەککەوتنیدا، یان دەست لە کارکێشانەوەی یان مردنیدا نەتوانێت ئەرك و مهامەکانی جێبەجێبکات، نا گەڕێتەوە ئەم پرۆژەیەی دەستووری هەرێم، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەرۆکێکی تر دەست نیشان بکرێت و خەڵك دەنگی پێ بدات. ئەوان جێنشینی وەك پاشایەتی و دەرەبەگایەتی بۆ دادەنێنن و تا چوار ساڵی تر دەست بەکاردەبێت. واتە ئەمە هەر ئەو پرۆسەیە بوو کە لە سووریادا پاش مردنی حافظ ئەسەد، بەشاری کوڕیان خستە جێگەی، هەروەها ئەردەن بەهۆی ئەوەی کە وولاتێکی بە دەستوور مەلیکی یە کوڕەکەیان خستە جێگەی باوکی، و لە مەغریب و زۆر شوێنی تریش... ئەم پەیڕەوە هەیە و حساب بۆ جارێکی تری بڕوای خەڵك ناکرێت.

بێجگە لەوەی ئەو بڕگەیە لەم مادده دەستووریەدا، دەست نیشانی کەسی دوای سەرۆك ناکرێت و وونە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە دەتوانرێت کەسە نزیکەکانی خۆیان دابنێنن بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان، چونکە ئەم بڕگەیە لە ماددەی (٦٨) ڕێگەی داوە کە جێنشینەکەی تا چوار ساڵی تر دابنێنن، ئەوەش دەبینرێت کە ئەتوانێت وەك هەر ئیمپراتۆرێك لە ڕابردوودا، جێنشینی خۆی.

کوڕەکەی بێت یان برازاکەی یان هەر کەسێك بێت، جێگەی بگرێتەوە خواستی خۆیانیان لەسەر بێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە نازانرێت ئەو کەسەی پێی دەوترێت سەرۆك پەککەوتنی خۆی لە دوو مانگی کۆتایی سەرۆکایەتیەکەی دەبێت یان هەر کاتێکی تری گونجا و دەبێت و جێنشینەکەشی بۆ چوار ساڵی تری بێ پەنابردنەبەر هەڵبژاردن دەست بەکار دەبێت. ئەمەش گوێ نەدانە بە خواست و ویستی خەڵك نەبڕوایەکی دادپەروەرانەیە و نە پەنابردنە بە هۆیەکی دیموکراسی بۆرژوازی کە ئەویش صندوقی دەنگدانە.

جێنشین تەنها لە پاشایەتی و لە دەسەڵاتی عەشائیری و ئیمپراتۆریەتدا هەیە، و لە هیچ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتیدا و لە ئایدیا و بۆچوونێکی تردا نیە، بۆ ماددەی (٦٤)یش لە پێشتردا بڕواو بۆچوونی خۆمم لەسەر ڕوون کردووەتەوە لێرەدا جارێکی تر ڕوونکردنەوەیان لەسەر نادەم تەنها ئەوەندە نەبێت کە جێ نشینەکەی بەپێی ماددەی (٦٤)ی پرۆژەکە دەتوانێت دوای تەواوبوونی چوار ساڵی جێنشین بوونەکەی جارێکی تر خۆی کاندید بکاتەوە.

***

لە بارەی دادگای دەستووری یەوە دەبێت ئەو دادگایە پێش هەموو شتێك مەیل و بڕوای حیزبایەتی نەبێت و ئەندامی هیچ گروپ و حیزبێك نەبێت، ڕابردوو پاك بێت لەبارەی دادوەری و یاساییەوە و هەڵسووکەوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بێجگە لەوە کاری بۆ هیچ دەزگایەکی سیخوری و دژی مرۆڤایەتی نەکردبێت و سەربەهیچ ڕەوتێکی سیاسی نەبێت، تەنها بیرمەندی و دڵسۆزی بۆ ئەو چوارچێوە سیاسی جوگرافیە هەبێت کە کۆمەڵانێك لە خەڵك ژیانی تیادا دەبەنەسەر و لە پێناو خزمەت کردنیاندا لێ پێچینەوە لە هەموو لایەنەکان و کاربەدەستان و سەرۆك و وەزیرەکان بکات، و لە هەموو کەم و کوڕی و ناتەواوی یەك لە ژیانیاندا بخاتە ژێر پرسیارەوە و لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیاندا بکات و بارۆمەتری خزمەت گوزاریان دەست نیشان بکات و ژمارەکانیان دەربخات و خزمەت گوزاریەکانیان و باش کارکردنیان شی بکاتەوە.

واته دەبێت دادگای دەستووری سەربەخۆ بێت و لە ژێر فرمانی هیچ کەس و گروپ و سەرۆکێکدا نەبێت و هیچ دەزگایەکی دەوڵەت یان سەرۆکەکەی داینەمەزراند بێت، بەڵکو دەبێت بەسەربەخۆی، هەڵبژێردراوی ناو کەسایەتی یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسی بێت. کار بە ئاڕاستەی چونە پێشەوەی هەلومەرجی ژیان و مافی مرۆڤ و ئاسایش و ئارامی کۆمەڵ بکەن.

ئەوە هەڵەیە کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٩٢) دەڵێت {دادگای دەستووری لە حەوت ئەندام پێکدێت بە سەرۆکەکەیەوە، کە لە نێو دادوەران و مامۆستایانی یاسا و پارێزەرانێکدا هەڵدەبژێردرێن کە سەرجەم کارکردنیان، لە بواری دادوەری، یان یاسادانان، یان وانەووتنەوە یان پارێزەری، لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ} تەنها پەیوەستی دەکات بە یاساییەکانەوە. چونکە دادگای دەستووری تەنها لێکۆڵیارێکی یاسا نیە، یان نابێت تەنها یاسایی بێت، بەڵکو دەبێت هەڵسەنگێنەری هەڵوێست و بڕوای سیاسی و ئابوورییەکان و خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکیش بێت ئەگەر هەبێت. بە بڕوای من دەبێت ئەندامانی دادگای دەستووری لێکۆڵیاری بە توانای سیاسی تیابێت تا بتوانێت ئاکار و کرداری ڕەوتی سیاسی یان سیاسەت کردنی هەموو لایەنەکانی، دام و دەزگای دەوڵەت بە چاوی ڕەخنە، یان باش ڕەفتەنی کردنی دەوڵەت بەرامبەر بە هەموو ئەرك و فرمانێکی سیاسی لە خزمەتی کۆمەڵدا ببینێت و هەڵوێستی ڕوونی خۆی لە بەرامبەردا دیاری بکات. هەروەها لە ڕووی ئابووریشەوە دەبێت پسپۆڕی ئابووری بە توانا و لێهاتوو لە پێشەوە چوونی و یان خاپ مامەڵەکردنی لایەنی بەرپرس لە خزمەتی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵدا شرۆڤەی هەموو لایەنەکانی بکات، و بیروبۆچوونی لە چۆنێتی دابەش کردنی سەروەت و سامان وئابووری ووڵات و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان بکات و پلان ڕێژی یەکانی کە هەیە شیکاری لەسەر بکات و بخاتە بەردەم دادگا و ئاستی بەڕێوەبردن و خزمەت کردنەکانی لێك بداتەوە و بڕیاری گونجاویان لەسەر بدات و لایەنی بەرپرسی لەبەردەم دادگادا ڕاوەستێنێ.

واتە ئەوە هەڵەیەکی ڕووت و ناتەواوی ئەو بڕگە و دامەزرێنەرانی ئەو پرۆژەیەیە، کە تەنها لە ڕووی یاسازانیەوە دادگای دەستووری دەبینێت. لەبەرئەوەی دەوڵەت تەنها پێك هاتەیەکی سیاسی ڕووت نییە یان یەك لایەنی یاسایی دەستووری نیە. بەڵکو دەوڵەت بریتی دەبێت لە هەموو لایەنێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی، ئەمانە هەر هەموو پێکەوە پێکی دەهێنن، بەم پێیە بۆ زانینی هەڵە یان کەم و کوڕی سەرۆك لە باش بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر هەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتی لەگەڵدا بکرێت و یاسا و مەرجی بۆ دابنرێت. لەبەرئەوە دادگای دەستووری تەنها لە پێناوی ئەوەدا نابێت ببێت کە سەرۆك لە دەستوور لا دەدات دادگایی بکات. بەڵکو لەگەڵ لادان لە دەستوور لەسەر هەموو لایەنەکانی پێکهێنەری دەووڵەت ڕووبەڕووی دادگای بکاتەوە.

دادگای دەستووری نابێت هیچ کەس و لایەنێك دایمەزرێنێت بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی کۆنفرانسی بێلایەنەکانی کۆمەڵگاوە هەڵبژێرێن و لەبەشە جیاجیاکانی پێکهێنەری دادگای دەستووریدا ئەنجام بدرێت. و چاو لە توانایی و لێهاتووی یان بکرێت و بە تەواویش سەربەخۆبن و لە ڕێگای دەستوورەوە بە ماددەیەك یان چەند ماددە و چەند بڕگەیەك باس لە ڕێ و شوێنی دامەزراندنیان و بە کارو فرمانیان بکرێت و هەموو دەسەڵاتێکی داسەپاندن و لێکۆڵینەوەیان بدرێتێ، تا بتوانێت دادگایی سەرۆکیش بکات. بەپێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩٢) کە دەڵێت {سەرۆکی هەرێم بەڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری ئەندامانی دادگای دەستووری دەپالێوێ} بەپێی دەسەڵاتی ئەم بڕگەیە بێت. ئەو دادگایە هیچ لایەنێکی پۆزتیڤی نابێت بۆ کۆمەڵ و دەوڵەت. لەبەرئەوەی جارێکی تر سەرۆك لەم پرۆژەیەدا دەست نیشانی ئەو ئەنجوومەنی دادگای دەستوورییە دەکات.

هەر لەم ڕێگایەدا ئەم ئەنجوومەنە تەنها شکڵیە و هیچ دەسەڵاتێکی نابێت لە جێبەجێ کاری دەستووردا بەسەر سەرۆکدا. لەبەرئەوەی سەرۆك ئەندامانی ئەم دادگایە دەپاڵێوێت. بەمەش سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات و ناپارێزێت، و بەبەردەوامی کڕنووش بەری بەرقاپی سەرۆك دەبێت. لەبەرئەوەی ئەو دای مەزراندووە و لە زۆرترین حاڵەت و کاتیشدا ئەندامانی حیزبەکەی یان تەرفدار و کەیف خۆشی پەیوەندیەکانی سەرۆکە. ئیتر چۆن دەتوانێت لە خیانەتی گەورە و لە تاوانەکانی سەرۆك بکۆڵێتەوە.

جارێکی تر دەسەڵاتی سەرۆك سێبەری خۆی دەکات بەسەر ئەم ئەنجوومەنی دادگای دەستووریەدا، بەپێی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق – ٢٠٠٩ ز) بێت و بەپێی بڕگەکە بێت، دادگای دەستووری سەربەخۆیی و توانا و هێزی ئەم دادگایە بەهای نامێنێت و ناوەڕۆکی خۆی لەدەست دەدات و ناتوانێت دادگای دەستووری بێت. بێ گومان ئەو پرۆژەیە ئەوەندەی لە خزمەت ڕەهاکردنی دەسەڵاتی سەرۆکدایە ئەوەندە بۆ خزمەتی کردنی هاووڵاتیان لەلایەن دەسەڵاتەوە نەنووسراوە. ئەوەندەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریانە بەرجەستە دەکات، ئەوەندە سەرۆك خزمەتی وولات ناکات. ئەوەندەی سێبەری دەسەڵاتی سەرۆك بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا دەکات. ئەم پرۆژەیە خۆش گوزەرانی و یەکسانی و دادپەروەری دروست ناکات. بڕگەی سێیەمیش لە ماددەی (٩٢) دەڵێت {ئەندامانی دادگا پاش ئەوەی پەرلەمان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی ڕەزامەندی لەسەر پالێوراوەکان دەردەبڕێ، بە مەرسومێك لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دادەمەزرێن} ئەم بڕگەیەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە دوو لەسەر سێ ی ئەندامانی پەرلەمان هەرهەمان ئەو ئەندامانەن کە حکومەت پێك دەهێنن و دەتوانن دەنگ لەسەر هەموو بڕیار و یاسایەك بدەن کە بەبەرژەوەندی خۆیان بێت، لێرەشدا دەنگ لەسەر ئەندامانی دادگای دەستووری دەدەن و لێرەشدا لایەنگری و هاوحیزبی و هاو بڕوایی بە هەند

وەردەگرن لە هەڵبژاردنیاندا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەندامانی ئەم دادگایە بەسەربەخۆیی و بێ لایەنگیری دانامەزرێت. لەبەرەئەوەی ئەم ئەنجوومەنە بڕگەیەك یان ماددەیەکی دەستووری سەربەخۆ دای نامەزرێنێت، و دوور بێت لە دەست تێوەردانی سەرۆك و پەرلەمانەوە. لەبەرئەوە دەبێت ماددەیەکی دەستووری بەهێز و بڕوادار هەبێت لەناو دەستووردا تا بتوانێت دەسەڵاتی دادوەری خۆی بەسەربەخۆ هێز و بڕوای دادوەری بسەپێنێت بەسەر هەموولایەکدا.

دەبێت لە دەستووردا ماددەیەکی دەستووری بەهێز هەبێت و بتوانێت دەست نیشانی بڕوا بوونیان بکات و ئەنجوومەنە جیاجیاکانی گروپی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادوەری هەڵیان ببژێرێت و بڕوای تەواوەتیان پێ بدرێت. هەروەها دەبێت لە پسپۆڕی و لێهاتووییانەوە لە بواری ئیش و کارەکانی خۆیدا و دڵسۆزی بۆ هەمووڵایەنەکانی چوارچێوە جوگرافی سیاسییەی کە بۆی هەڵبـژێردراوە. نەك بە مەرسوومێك لەلایەن سەرۆکەوە دابمەزرێت. واتە لە هەموو بڕگەکانی ماددەی (٩٢) دا سەرۆك بە خواستی خۆیی و لە خزمەتی خۆیدا، ئەو ئەنجوومەنە بڕوادار دەکات. لەبەرئەوەی هێزی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم – کوردستان – عێراق – (٢٠٠٩ز) وا بیری لێدەکاتەوە کە ئەندامانێك هەبن لەو دادگایەدا، کە سەرۆك بتوانێت لاساری و دەست ڕۆشتووی خۆی نەخرێتە ژێر پرسیارەوە. لەم کاتەدا ئەم ئەنجوومەنە تەنها بوونێکی ناوی و شکڵی یە و هێزێکی کارتۆنی دەبێت.

ماددەی (٩٣)یش {دادگا سەرۆکەکەی لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێرێ) دادگا سەرۆکەکەی لە نێو ئەندامانادا هەڵبژێرێت یان نا هیچ لە بێ دەسەڵاتی و چاو لە ژێری بۆ سیاسەتەکانی سەرۆك ناگۆڕێت. لەبەر ئەوەی ئەم دادگایە بە سەربەخۆیی نایەتە بوون. هەروەها لە پێشتردا لە قسەوباس لەسەر بڕگەکانی ماددەی (٩٢)دا کردوومانە و نامەوێت دووبارەی بکەینەوە. چونکە هەموو شتێك لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە پێویستی بە ڕەزامەندی (٣/٢) دوو لەسەرسێ ی ئەندامانی پەرلەمان و ڕەزامەندی سەرۆك هەیە.

سوێند خواردنی دادگای دەستووری لەبەردەم سەرۆکدا شتێکی سەرسوڕهێنەرە. واتە ئەوەی لە ماددەی (٩٤)دا دەبینرێت ڕێك پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو یاسا و ڕێسایەکدا، و دەڵێت {سەرۆك و ئەندامانی دادگای دەستووری، پێش ئەوەی دەست بە ئەرك و فرمانەکانیان بکەن،لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی دەخۆن} لەبەر ئەوەی کەسانکۆ لەدادگاکاندا لەبەردەم دادوەردا سوێند دەخۆن، نەوەکو دادوەر سوێند لەبەردەم ئەواندا بخوات. ئەمەش بەو مانایە نا کە دەسەڵاتی دادگای دەستووری هیچ دەزگایەك نەبێت کە سوێندی لە بەرامبەردا بخوات بەڵکو دەبێت، ئەوان لەبەردەم میللەت و هەموو هێزەکاندا سوێندی یاسایی بخۆن لە جێبەجێ کردنی ئەرك و فرمانی سەرشانیان، واتە دەبێت سەرۆك لە بەردەم خەڵك و دادگای دەستووری سوێندی یاسایی بخوات. لەبەرئەوەی دادگای دەستووریە سزا بەسەر سەرۆکدا دەدات لە کاتێکدا

پێچەوانەی دەستوور و سوێند خواردنەکەی جوولەی کرد. ئەگەر دادگای دەستووری هێزێکی بالآی دەسەلأت نەبێت ناتوانێت لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرۆکدا بکات کاتێک ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی بە ئاڕاستەی خزمەت کردنی وولأت و خەڵك هەیە. بە بڕوای من دەبێت دادگای دەستووریی وەك لایەنێکی دادوەری دەستووری لێکۆڵینەوە و سزادان بەسەر هەموولایەکدا بدات، کاتێك کەلایەنی لێپرسراو لەجێبەجێ کاریدا، دڵسۆزی بڕگە و ماددەکانی دەستوور نەبووە، بێ گومان بۆ ئەم پرۆژەیە نا، کە پڕیەتی لە یاسای بێ ماف کردنی کۆمەڵ، بەڵکو دەستوورێك کە پارێزەری ماف وئەرکەکانی خەڵك بێت و دادوەر و عەدالەتی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابووری تیادا بێت.

ئەگەر هێزێکی یاسایی دادوەری نەبێت و سەربەخۆ نەبێت لەدەست تێوەردانی سەرۆك لە دامەزراندن و هەڵبژاردن و بڕوا پێدان پێیان، بۆ لێپرسینەوەی سەرۆك و هەموو لایەنەکانی تر، سەرۆك بە کەیفی خۆی و لەبەرژەوەندی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەی پرۆسیسی دەسەلأت دەکات و هەموو بەهاجوانەکانی ناو ژیانی کۆمەلأیەتی ووشك دەکات و ژیانی خەڵك دەکاتە قوربانی مەرامەکانی خۆی و دەسەلأتەکەی و سیستەمێکی دیکتاتۆریانە دادەمەزرێت و ژیان و گوزەرانی خەڵك دەکات بە دۆزەخ. تایبەتمەندبوونی دادگای دەستووری بە ئەرك و فرمانەکانی، دەبێت پێش هەموو شتێك سەرۆك ئەندامانی دادگای دەستووری نەپاڵێوێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنیان لە نێو پسپۆر و دڵسۆزانی بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و یاسایدا دابنرێێن و کاروفرمانیان جێبەجێ بکەن. تا بتوانێت تایبەتمەندیەکانی خۆیان وەك بێلایەن جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٩٥) و هەموو بڕگەکانی، لە بڕگەکانی ماددەی (٩٢)دا هەڵوەشێنراوەتەوە و بێبەها کراوە لەبەرامبەر سەرۆکدا. بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٩٥) {دادگای دەستووری تایبەتمەند دەبێت بەو کاروبارانەی خوارەوە.

یەکەم: ڕاڤەکردنی دەقی ماددەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان} ڕاڤە کردن یان نەکردنی ناتوانێت هیچ مانایەك ببەخشێت بە دەسەلأت و هەیبەتی دادگای دەستووری. لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نیە و سەرۆك دەستی هەیە لە دەست نیشان کردنیاندا و پالأوتوونی.

هەروەها بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩٥) {١. چاودێری کردن بەسەر دەستووری بوونی یاساکان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان ئەنجوومەنی وەزیران، یان دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان.} ئەمەش هیچ ناگەیەنێت بۆ دەسەلأتی دادگای دەستووری، بێجگە لە بێ دەسەلأتی و ئیش کردنی بووکەڵە ئاسای دادگاکە لە ژێر دەست جووڵان و ئەرك و فرمانەکانی سەرۆکدا. ئەم بڕگەیەش چاوبەسی کردنە لە کۆمەڵ لە بەرامبەر جێبەجێ کردن و کاراکردنی دەسەلأتێکی ئیمپراتۆریانەی سەرۆك بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا.

هەروەها خاڵی دووەم لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩٥) دەڵێت {بڕیاردان لەسەر ڕەوایی مەرسوم و پێڕەوو بڕیار و ڕێنماییەکان، لەسەر داوای هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ} ئەو دادگایە مەرسومێکی سەرۆك دای دەمەزرێنێت، ئیتر ناتوانێت لەمەرسوومێك یان پەیڕەو و بڕیار و ڕێنماییەکانیش بکۆڵێتەوە، کاتێك سەرۆك بڕیاریان لەسەر دەدات و مەرسووم بۆ هەموو حاڵەتەکانیان دەردەکات. کاتێك دەتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە لە ماددە دەستووریەکاندا یەك ماددە یان چەند ماددە و بڕگەیەك هەبوایە کە دادگای دەستووری تیادا دەست نیشانی دامەزراندن و دەسەلاتی بکرایە و بە تووندوتۆڵی هیچ کەس و لایەنێك نەیتوانیایە دەست وەربداتە کاروبارو بڕیارەکانیانەوە.

لەبەرئەوە نابێت دەسەلات و بڕیار و دامەزراندنیان بەمەرسوومێکی سەرۆك جێبەجێ بکرێت. دەبێت ئەو ماددە دەستووریانەی کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا هەیە پەیوەندی بە دادگای دەستوورییەوەیە. لە پلە و پایەیەکی وادابوایە و هێزێکی یاسایی گەورە و باوەڕداربووایە و پشتگیریەکی دەستووری گەورەش لە پێناوی دەسەلاتیاندا هەبێت. بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرك و مەهامی ڕاستەقینەی خۆی جێبەجێبکردایە.

لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی (٩٥) دا هاتووە {یەکلاکردنەوەی دەستووریبوونی ئەو هەموارکردنەی پێشنیاز دەکرێ بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان و گونجاوبوونی لەگەڵ مەرجەکانی ماددەی (١٢٠)ی هەرێمی کوردستان و گونجا و بوونی لەگەڵ مەرجەکانی ماددەی (١٢٠)ی ئەم دەستوورە} پێشنیازکردنی هەموارکردنی ماددەیەك یان چەند ماددەیەك لە دەستوور، لە داخوازی و خواستی کۆمەڵەوە دەبێت سەرچاوە بگرێت و بەبەرژەوەندی ئەوانیش جێبەجێ بکرێت. ئەگینا سەرۆك یان ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران. لە زۆرترین کاتەکاندا داواکاری هەموارکردنی ماددەیەکی دەستووری لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن: واتە ئەم بڕگەیەش هەڵەیەکی یاسایی و هێرشێکە بۆ سەر مافەکانی کۆمەڵ.

هەروەها ئەم بڕگەیەش جارێکی تر دەست نیشانی بێ دەسەلاتی و پاشکۆیەتی دەسەلاتی دادگای دەستووری دەکات، لەبەرامبەر سەرۆکی هەرێمدا، و هیچ ناگەیەنێت بێجگە لە دادگایەکی کاریکاتۆری و کارتۆنیانە نەبێت. ئەگینا چۆن دەبێت ئەو هەموارکردنەش هەمدیسان سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێت داوای بکات. یان ئەنجوومەنی وەزیرانیش توانای داوایەکی وای هەبێت. بێگومان دەبێت ئەوە ڕوون و ئاشکرا بێت، کە دەستوور ڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵ و حکومەتە. بەم پێیە دەبێت هاوولاتیش بەشێوەیەکی گشتی بۆی هەبێت کە داوای هەموارکردنی دەستوور بکات لە هەرکات و شوێنێکدا بێت و هەر پلە و پایەیەکی هەبێت. ئەگەر دادگای دەستوورییە ئەوا دەبێت وەکو لە پێشدا باسم کرد توانای هەبێت بەسەر هەموو لایەنەکانی یاسایی و سیاسی کۆمەلایەتیدا ، و لەوێوە دەست وەربداتە ناوەڕۆکی دەستوور. کاتێك داخوازی

هاوولاَتیان بۆ هەموار کردنی دەستوور دێتە پێشەوە، و دەبێت هەموو داخوازییەکانیان بە هەند وەربگیرێت و لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵدا پرۆسێس بکرێت.
بڕگەی دووەمی ماددەی (١٢٠) تەواو پێچەوانەی بڕگەی پێنجەمی ماددەی (٩٥)ە کە دەڵێت {سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە، یان سێ یەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستوور بکەن} ئەگەر بە تەنها ئەوان بۆیان هەبێت ئەوا دادگای دەستووری بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت دەست وەربداتە ناو ئەو هەمووارکردنەوە، بێجگە لەوەی کە بڕواو بۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵ بە هەند وەرناگیرێت و هیچ پێگە و ڕێگەیەکی نیە بۆ داخوازی هەموارکردنی دەستوور. کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی یەك بەیەکی کۆمەڵەوە هەیە.
کاتێك ئەو سێ لایەنەی کە سەرۆکیان لێ پێك دێت و هەروەها حکومەتیش هەر لە خۆیان دەبێت و زۆرترین ئەندامانی پەرلەمانیشن. واتە تەنها کە خۆیان بۆیان هەبێت هەموواری دەستوور بکەن، بێگومان لەبەرژەوەندی دەسەلاَت و سوودپەرستی خۆیان دەبێت، و بەرژەوەندی کۆمەڵی تیادا دەدرێتە دواوە و هیچ حسابێك بۆی ناکرێت.
هەروەها ئەتوانن لەسەبەی ڕۆژی پیربوونی خۆیاندا، یان لە دەوورەی پێش تەواوبوونی سەرۆکایەتی و یان بە دروست کردن و هەموارکردنی بڕگە و ماددەی دەستووریەکانی دەستوور بەجۆرێکی لێ بکەن، کوڕەکانیان بهێننە جێگەی خۆیان، هەروەکو لە چەند وولاَتێك ئەو هەموارکردنانە کراوە بە خزمەتی بنەماڵەیەك یان خێزانێك کراوەو، سیستەمی کۆماری وەك سیستەمی مەلیکی و دەرەبەگایەتی و خێڵەکی لێهات، بەپێی مادده و بڕگەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێم بێت، لە هەرێمیشدا لەوەباشتر نابێت کە لەو وولاَتانە ڕوویان داوە، یان کاتێك سەرۆکێك هیچ شەهادەیەکی نابێت و بە بە ڕەوایی لەسەر کورسی دەسەلاَت بێت. بەلاَم لە دواتردا دەتوانێت بە قازانجی کوڕەکەی یان بنەماڵەکەی هەمواری دەستوور دەکات.
بەم پێیە دادگای دەستووری لە بڕگە و ماددەکانی پرۆژەی دەستووری هەرێم – کوردستان – عێراق (٢٠٠٩ز) دا تەنها بۆ ڕازاندنەوەی پەڕەکان و ماددەکانی پرۆژەکەیە و خزانە ناوەوەی چەند ناونیشانێکە لە پرۆژەکەدا و هیچی تر. ئەگینا هەر ئەو بڕگەیە لە ماددەیەك یان هەموو بڕگەکانی ماددەکان بە بڕگەیەك پەکی ناخرێت و هەڵناوەشێتەوە لە هەمان پرۆژە و دەستووردا.
دیسانەوە کاریکاتۆریەکی تری بڕگەی ماددەکانی پرۆژەکە، لە بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٩٥)دا دەردەکەوێت و دەڵێت { دادگایی کردنی سەرۆك یان جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاش ئەوەی بەپێی ماددەی (٦٢)ی ئەم دەستووره لەلایەن پەرلەمانەوە تۆمەتیان دەدرێتە پاڵ بۆیە تاوانبار کردنی سەرۆك یان جێگرەکەی، پێویستە بەلای کەم پێنج ئەندامی دادگا ڕەزامەندی لەسەر بدەن.} ئەم دادگایە ناتوانێت سەرۆك بخاتە ناو قەفەزی تاوان و تانوت لێدانیەوە. چونکە

ڕەزامەندی دامەزراندنی ئەندامانی ئەو دادگایە لەلایەن سەرۆکەوە دەبێت و هەر ئەویش هەڵیان دەبژێرێت. بێ گومان پێنج ئەندامیش لە دادگا واتە پێنج ئەندامی دڵخوازی سەرۆك. هەر بەپێی بڕگەی دووەم وسێیەم لە ماددەی (٩٢) ئەوە دەردەخات کە بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٩٥) هیچ شتێکی لەبەرامبەر سەرۆك و جێگرەکەیدا پێ ناکرێت. لە پێشتردا لەسەر هەموو بڕگەکانی ماددەی (٩٢) تێڕوانینی خۆمم لەسەر شێتەڵ کردووە.

لە دەستووردا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت. کە خیانەتی گەورە لە پێش سەرۆك بوون و لە کاتیدا بە هەند وەربگیرێت. لە پێناو رەوابوونی هەڵبژاردنی سەرۆك ( من بڕوام بە سەرۆك نیە). هەر بۆیە لە پێشتردا پێشنیاری ئەوەم کرد، کە دەبێت ماددەیەکی دەستووری هەبێت کە سەرچاوەی بێت بۆ دامەزراندنی دادگای دەستووری و ماددەیەکی بەهێز بێت و هیچ کەس ولایەنێك دەست لە دامەزراندن و ڕەزامەندی لەسەر ئەندامان نەدات.

تەنها بوون و هەڵبژاردنیان لە نێو کۆمەڵێك یان لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی گەورەی دادوەران و یاسا ناسان و سیاسەت زانان و ئابووری زانان و کۆمەڵناساندا هەڵبژێرێن، بێ گومان بۆ هەموو لایەنەکانی بەشداربوو هەر پۆلە لە پسپۆریان بە کۆنفرانسی جیاواز ئەندامانی جیاوازی پسپۆران هەڵبژێرن. بێ گومان بۆ هەموو لایەنەکانی بەشداربوو هەر پۆلە لە پسپۆڕیان بە کۆنفرانسی جیاواز ئەندامانی جیاوازی پسپۆرا هەڵبژێرن. بێ گومان دەبێت هەموو هەڵبژێر دراوەکان کە لە کۆنفرانسەکاندا بڕیاریان لەسەر ئەدرێت. ئەبێت ئەندامانی ئەو کۆبوونەوەیە، ئەندامانی هەڵبژێردراو ئەو لایەنانەی تیادا ڕەچاو بکەن کە بریتیە لە زانیاری بوونی لە مەجالی پسپۆریەکەدا و ڕابردوو پاك و بەرژەوەندی کۆمەڵ پەرست بێت. نەوەکو کەسانێك هەڵبژێرن کە بەشان وباڵی سەرۆکدا هەڵبدات و بەو بایە بژێت کەلەلای سەرۆکەوە هەڵدەکات. چونکە ئەگەر دڵخوازی سەرۆك بێت و ڕەزامەندی لەسەر هەڵبژاردنیان بدات. واتە ئەندامانێك دەبن کە ڕێنوێنی سیاسیەت و بەرنامەکانی سەرۆك و چاوبەرە و ژێری و ڕووپای کردنیان بۆ سەرۆك و کردارەکانی دەبێت. هەر بۆیە سەرۆك ئەو کەسە یان ئەو ئەندامە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترین دڵخوازی هەیە بۆ بەرنامە و سیاسەتەکەی. لەبەرئەوە دەبێت لە دەستووردا ماددەیەك هەبێت، تایبەت بێت بە دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستووری و لەلایەن هیچ کەس و لایەنێکی بەرپرس دانەمەزرێت. وە هێزێکی گەورە و پارێزەربێت لە ئەندامان و دادگای دەستووری و یاساکانی. هەروەها بۆ ماددەکانی (٩٦، ٩٧)تیش قسە وباسی زۆرمان کردووە، نامەوێت دووبارەیان بکەمەوە

***

بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٩٥) دەڵێت { یەکلاکردنەوەی ئەو داوایانەی کە بەپێی ماددەی (١٩/بڕگەی هەژدەهەم/٣)ی ئەم دەستووره بەرزکراونەتەوە} بڕگە و ماددەیەکن کە بەتەواوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵك بەرتەسك دەکاتەوە و دەسەڵاتێکی بیروکراتیانەی ئیستبدادیانە بەسەر تەواوی هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە دەسەپێنێت. هەموو داخوازیەکان لە مەنگەنە دەدات و بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.
ئەمەش دەبێتە هۆیەکی گەورە و گرانی سەرکووت بەسەر ئازادیەکانی خەڵکەوە. چونکە بەپێی بڕگەی هەژدەهەم لە ماددەی (١٩)دا و خاڵی سێیەمی ئەو بڕگەیە ئەوەیە کە دەڵێت {ئەو حیزبەی هەوڵ بدات لە ڕێگای ئامانجەکانی، یان چالاکی، زیان بە سیستەمی بنەڕەتی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ، یان لای بەرێ، یان هەڕەشە لە یەکپارچەیی هەرێم، یان پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی بکا، بەسەر پێچیکاری دەستوور دادەندرێ و دادگای دەستووریش لایەنی تایبەتمەندە بۆ بڕیار دان لەسەر ئەو سەرپێچیە دەستووریەی دراوەتە پاڵی و ڕادەی مەترسیداریی سەرپێچییەکە} ئەم خاڵەش لە بڕگەی هەژدەهەم سنووری هەموو چالاکیە سیاسی و داخوازیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بەرتەسك دەکاتەوە لە پێناوی ڕاگیرکردنی حکومەتێکی دیکتاتۆر و لەسەر کورسی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.
بێ گومان ئەمەش هەر هەمووی لەسەر ئەوە ڕاگیر دەبێت کە تاچەند دەسەڵات و حکومەت. ئازادیەکان بەرجەستە دەکات و لە پەیوەندی دەسەڵات و حکومەت لەگەڵ کۆمەڵدا ڕەنگ دەداتەوە لە ژیانی هەموو تاکێکیدا.
یان تا چەند لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکاندا مامەڵەی وەك یەك دەکەن و بەیەك چاو سەیری هەمو لایەنەکان دەکرێت. هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەن هیچ شتێکیان پیرۆز نین بە ڕێژەی ئەوەی کە ژیان و ئازادی هەموو لایەنە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵ بە نەتەوە و ئایین و گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی تر بۆیان فەراهەم دەکرێت.
ئەگەر دەسەڵات فشارێکی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی بۆسەر هەموو لایەنە جیاجیاکان نەبێت، بێ گومان کەس ناچێتە ناو چوارچێوەی گروپێکی سیاسی و یان کۆمەڵەیەکی هەڵگری داخوازی ئابووریەوە، و بەر هەڵستکاری سیاسەت و مەرامەکانی دەسەڵات ناکات. لێرەدا دەسەڵات هەر وەك و دەسەڵاتی ڕابردووی بەعس لە عێراقدا دەیانەوێت دەستوورێك جێکەوتە بکەن لە ڕێگەی پڕۆژەکەیانەوە، کە هەموو ئازادی یەکان قۆرغ بکەن و کەسیش لە بەرامبەریاندا نووزەیان نەیەت و بە هەوەسی خۆیان پراکتیزەی دەسەڵاتی جۆر و بابەتی خۆیان بکەن و ماددەیەکی دەستووریشیان بۆ دەکەن بە بڕوبیانوو بۆ دادگایی کردنی گروپ و لایەنی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی جیاوازی دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانیان. ئەگەر دەستوور مافی وەك یەك بە هاووڵاتیان نەدات و بەیەك چاو سەیریان نەکات، بێ گومان هەموو فشارێك دژی فشاریشی ئاڕاستە دەگیرێت.

چۆن دەسەڵاتی کوردی داوای هەموو مافەکانی خۆی دەکات لە دەستووری عێراق و لە سیاسەت و ئابووری و پلەی کۆمەڵایەتی و لە دەسەڵاتدا وەك ئەوانیتر سەیر بکرێت، بەپێی بوون و توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی. هە بەو ڕێژە وپلەیە دەبێت ئەو مافەش بە هەموو لایەن و باڵە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەڕەوا ببینێت و ئەو مافەش بە ڕەوایی بە هەموولایەك بدرێت.
لەبەرئەوەی دەبێت دەستوور مافی هەموو ئەتنیك ی جیاواز و مەزهەبی جیاواز و ئاینی جیاواز کە هەن لە کۆمەڵدا بە ڕەوایی و ڕوونی بەرگری لیّ بکات. هەروەها لە کۆمەڵی کوردیدا، لە چوار چێوەی جوگرافیای سیاسی هەرێمدا ئەو ئەتنیك و گروپە جیاوازانە، دەبێت بە مرۆڤی پلەیەك و وەك خۆت سەیریان بکەیت. تا بەرهەڵستی و ناڕەزایی بەرامبەر بە دەسەلاّت و حکومەت لە کایەدا نەبێت و دەستوور و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانە بەرجەستە نەبێت.
بە بڕوای من بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٩٥) بۆ ئەوە دانراوە کە دەستی دەسەلاّت ئاوەلاّ بکات، لەسەر کووت و ئیستبداد و بیرۆکراتیەت نواندن بەسەر ژیانی هەموو تاکێکی کۆمەڵەوە، و هەروەها دۆزینەوەی بڕوبیانووی دەستووری و یاسایی بۆلەناوبردنی هێزی سیاسی و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و داخوازی ئابووری و پێشکەوتن خوازی ناو کۆمەڵ، بەبڕوبیانووی ئەوەی کە دەست وەردانە لەیەك پارچەیی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق.
هەموو ئەو شتانەی کە لە پرۆژەکەدا هەبوون، هەر هەمان ماددەی دەستووری بوو لە پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق – بەعس – لە ساڵی (١٩٩٠ن)دا و هەروەها لە پێشتریشیاندا.
کاتێك کە سیاسەتێك یان حیزبێك پرۆژەی باشتر و ڕێك و پێکتری پێیە بۆ دامەزراندنی یەکسانی و ئازادی لە کۆمەڵدا و ئەو سیستەمە چەوسێنەرەی کە ئێستا هەیە هەوڵێك بدات و خواستی کۆمەڵی لەسەر بێت بۆ لابردنی سیستەمی ئەو دەسەلاّتە، بۆ ئەبێت خیانەت بێت و یان بەدادگای بکرێت و زیان بە سیستەمی دیموکراتێکی هەرێم بگەیەنێت.
خیانەت کردن لە مرۆڤایەتی ئەوەیە کە ماڤ مرۆڤەکانی تر پێشێل بکەیت لە هەموو ڕوویەکەوە و بەرژەوەندی کۆمەڵێکی کەمی دەسەلاّتدار لەبەرچاو بگیرێت.
بەبڕوای من ئەوەی لە ئێستادا و لە پێشتردا پراکتیزە دەکرا لە دەسەلاّتدا سیستەمێکی دیمکراتیکانەبوو یان دیموکراتیانەیە.
چونکە پەیوەندی دیموکراتی پەیوەندیەکی دەسەلاّتی چینایەتیانەیە و هەڵسووکەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیە، هەر چینە و بەپێی بەرژەوەندی یەکانی خۆی پرۆسیسی دیموکراتی دەکات و پەیوەستی دەکات بە چونە پێشەوەی خواستەکانی خۆی. ئەوەی لەسەرتاسەری دنیادا پرۆسیس دەکرێت لە دەسەلاّت و حکومەتەکانیاندا، دەسەلاّتی دیموکراسیە و بەپێی پێشکەوتنی باری ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و هۆشیاری کۆمەڵگا پراکتیزە دەکرێت، لەم ڕێگایەدا دەیانەوێت سەرنجی کۆمەڵ بۆلای خۆیان ڕابکێشن و کۆمەڵگای پیّ لە خشتە ببەن و دەسەلاّتیان

باقی بێت. ئەگینا نە ئازادی بوونی هەیە و نە یەکسانیش پەیڕەو دەکرێت و نە دادپەروەری کۆمەڵایەتیشە. دیموکراسیەت لە ڕابردوو لە ئێستادا کە ناونیشانە بۆ دەسەڵاتەکانیان هەر وەکو مارکس لە رابردوودا دەیووت (دیموکراسی بۆرژوازی کامڵترین بەرگی سیاسی بەرهەم هێنانی سیستەمی سەرمایەدارییە) هەر بۆیە دەسەڵاتداران دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە بەناوی دیموکراسیەوە پارێزگاری لە سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەیان بکەن.

***

بۆ دەستەی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستاندا – دەبێت سەربەخۆ بێت وئینتمای پارتایەتی نەبێت و بۆ هیچ لایەك و لە هیچ حیزبێکەوە دانەنرابێت و بەشێکیش نەبن لێیان بە بڕوای من دەبێت ئەو دەستەیە بەشێك بێت لە دەسەڵاتی دادگایە و دەستووری و لیژنەیەك بێت لەو ئەنجوومەنە. بەڵام دەبێت ئەنجوومەنی دادگایە و بەرتەسکیە نەبێت کە پرۆژەکە باسی دەکات هەروەها دەستەی باڵای هەڵبژاردن سەربەخۆبن و لە ژێر مەترسی هەڕەشەوە چاوسوورکردنەوەدا پارێزراوبن و هیچ لایەك نەتوانێت دەست لە کاروباریان وەربدات.

٢٠٠٩/٩/٢١

**نجم الدين فارس**

(ن.ف. عبدالله)